# Melbend

## دەستەی نووسین

سەربەست کەرکووکی
عەتا موفتی

سوپاس و پێزانین
مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر سوپاسی هاوکاری و پشتگیریی دەستەی پشتیوانیی دارایی، کۆمپانیای «ئەسعەدی» و بەڕێزان سلێمان و شەهلا ئەسعەدی، دایمۆند ئۆتۆ و بەڕێزان وەستا وریا و وەستا شاخەوان، ڕێکخراوی پەککەوتەکانی کورد دەکات.
بە هاوکاریی ئەو بەڕێزانە توانیمان ئەم ژمارە ڕازاوەیەی «مەڵبەند» بخەینە بەر دەستی ئێوەی هێژا.

## مەڵبەند

**هەر بابەتێکی مەڵبەند بڵاو بکرێتەوە، دەبێت ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدرێت!**

## Kurdish Cultural Centre (KCC)

The Kurdish Cultural Centre (KCC) was founded in 1985 to assist Kurdish refugees in the U.K. and abroad and advance education and knowledge, especially in the field of the Kurdish culture, in order to preserve and promote the heritage of the kurds.

**Melband**

Melband is produced quarterly by The Kurdish Cultural Centre. All opinions expressed in Melband are those of individual authors and not necessarily the Kurdish Cultural Centre's.

ناونیشانی مەڵبەند

**Kurdish Cultural Centre (KCC)**
14 Stannary Street
London SE11 4AA
Tel: 020 7735 09 18
Fax: 020 7582 88 94
Email: admin@kcclondon.org
www.kcclondon.org

## مەڵبەند

بڵاوکراوەیەکی وەرزیی ڕۆشنبیریی گشتیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن

مەڵبەند دەستگایەکی ڕۆشنبیری – کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردە لەم وڵاتەدا. ڕێکخراوێکی چارەتی، سەربەخۆیە، بۆ ئەم ئامانجە سەرەکییانە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دامەزرێنراوە:
١– یارمەتیی پەنابەرانی کورد لە بریتانیا.
٢– پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ، زمان، ئەدەبیات، کولتوور و هونەری گەلی کورد.
٣– پشتگیریکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

ئابوونەی بەشداریی ساڵانە
بریتانیا: ١٤ پاوەند
ئەوروپا: ٢٠ پاوەند
وڵاتانی تر: ٣٠ پاوەند

دیزاینی رووبەرگ
ئەکی بابەمیری

پیتچنین و دیزاین:
بنکەی چاپ و پەخشی ئاورا
www.aura-publishit.com

# ناوەڕۆک




مایەری لەندەن و وەزیری کولتووری بریتانیا بە بۆنەی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکەن!... ل٦



**شۆڕش حاجی**

گەڕان بە دوای مەرجەعییەتدا بۆ خەڵکی... ل٧



**هاشمی کەریمی**

کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات... ل٩



**هوشیار عابید**

هاوڕێیەک بۆ چیا... ل١١

**ئالان سوڵتانی**

لاوانی کورد لە بریتانیا و دامەزراندنی... ل١٢

**سەربەست کەرکووکی**

دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی تورکیا... ل١٤



**سابیر کۆکەیی**

ئەنفال، مێژووی ترسناک، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ...ل٢٠


**تاهیرساڵەیی**

چەند ساتێکی کورت لەنێوان ژیان و مردندا... ل٢٢




**هەڵات هەمەوەندی**

بەرەو سەنترالیزمی ڕاگەیاندنە کوردییەکان ل ٢٣



**فایلی تایبەت بە «وەفا»**

ـ یادی وەفا... ل٣٣
ـ ڕوانینێکی سەرپێیی بە ژیان و شیعری «وەفا»دا ل٣٤
ـ کۆچی شاعیری سروودی پەڕەسێلکە... ل٣٧
ـ هەوری سەران لەسەر سەری کردم کرێوەپێچ... ل٣٩
ـ با بە نەریتی «وەفا» وەفادار بین... ل٤١
ـ «وەفا» لەم وڵاتە کۆچی کرد... ل٤٤
ـ شیعرە فارسییەکانی وەفا... ل٤٦
ـ ـ پێم خۆشە خەمت بمێنێ... ل٤٩
ـ بۆ مامۆستام «وەفا»... ل٤٩



**مستەفا هیجری**

ئەگەر کورد لە کوردستانی عیراقدا.... ل ٢٥

# ناوەڕۆک




**هونەر سەلیم**

«ژاک شیراک»یش ناتوانێت فیلمێک بە... ل٥٠



**دیندار زێباری**

هەر کوردێک ببێتە باڵیۆز لە وڵاتێکدا.... ل ٢٨



**ئاوات نامیق ئاغا**

درێخ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە... ل٥٥



**مەڵبەند ـ ئیتالیا**

ئانێت هێنەمان و تیاترۆ دینەسکۆستۆ... ل٦٤



**سزا زانستی**

"باوەڕ ناکەم دایکی هونەر وەرس بێت... ل٦٨

ماڵی تەموور و دەستپێشخەرییەکی... ل٧١




عەبدوڵڵا پەشێو و بەرەو زەردەپەڕ... ل٧٢



**فەرهاد شاکەلی**

گرۆسێتۆ: کیژێکی چاوڕەشی... ل٧٥

ئۆرهان پاموک... ل٧٧




یۆرگن هابەرماس... ل٧٨

**ڕەنجۆ هورمزیار**

ئەم دوانزە هاوارەم... ل٧٩

**هاوڕێ نەمەڵی**

چیرۆک ـ هۆمەرقەڵا... ل٨٠



یادەوەریی ٢٠ ساڵەی مەڵبەند... ل٨٢



خوشکە گەزیزە و ئیسماعیل خەیات... ل٩٢

خولی نووسین... ل٩٤



ئاهەنگی منداڵان... ل٩٥

کۆڕی د. نوری تاڵەبانی... ل٩٧

بڵاوکراوەی نوێ... ل٩٩-١٠٢

**سروە نوری عەزیز**

کۆمەک... ل١٠٣

**شێرزاد شێخانی**

تاسەی نێودەوڵەتی... ل١٠٥

# مایەری لەندەن و وەزیری کولتووری بریتانیا بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکەن




کین لیڤینگستۆن لە کاتی کردنەوەی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە (سیتی هۆڵ)، ٢٠٠٦/٣/٢١ (کامێرای مەڵبەند)

بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی نەورۆزتان لێ دەکەم، نەورۆز فێستیڤاڵێکی زۆر گرنگە بۆ زۆر کۆمەڵگا چ لە لەندەن و چ لە سەرتاسەری دونیادا.

نەورۆز هێمای هیوا و سەرکەوتنە بەسەر چەوساندنەوە و دیکتاتۆرییەتدا.

دەمەوێت پیرۆزبایی لە کۆمەڵگا کوردییەکان بکەم لەوەی کە پێکەوە پرۆگرامی یەکگرتوو و کاری ئەمساڵیان ساز داوە.

نەورۆز، بوارێکی زۆر لەبارە بۆ خەڵکانی لەندەن، بە هەموو جیاوازییەکەوە، کە لەنزیکەوە خۆیان فێر بکەن و تێ بگەن لە کۆمەڵگا کوردییەکانی لەندەن.

ئەم جۆرە یادوەری و فێستیڤاڵانە، پایگای لەندەن، وەکو مەڵبەندێکی کولتووریی هەمەجۆر گەورە و مەزنتر دەکات.

وەکو شارداری لەندەن، من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە چەندین کۆمەڵگای کوردی لەندەنیان هەڵبژاردووە و کردویانەتە جێمەنزڵگەی خۆیان.

هەر چۆنێک بێت بە تەنگی ئەوەشەوەم کە تاکو ئێستا چەندین چەڵەمە و کێشە هەن بەرەو ڕووی کەمینەکانی شاری لەندەن بوونەتەوە و من سوورم لەسەر ئەوەی لەسەر ئەم کێشە و چەڵەمانە بدوێم و هەوڵ بدەم چارەیان بۆ بدۆزمەوە، خەڵکانی لەندەن سەرچاوەی سەرەکیی شارەکەن.

کلیلی چارەسەری و چەندایەتیی ژیان و خۆشی و شادی، ئەوەیە کە توانا و قودرەتەکانی سەرجەمی خەڵکانی شارەکە لەبەر چاو بگیرێت و بەربەست و کێشەکانیان لە بەردەمدا لا ببەین! ئەو بەربەست و کێشانە کە تاکو ئێستا بوونەتە هۆی بۆدواوەچوونی خەڵکەکە، وەکو کێشەی پەروەردە و فێرکردن، شارەزایی وەدەستهێنان، چاودێریی منداڵان، هەژاری یا کەمی ئامرازەکانی گواستنەوە و هەروەها مەسەلەی جیاوازیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان.

لەساڵی ڕابردوودا، لەندەن گەورەترین دەستکەوتی بەرکەوت، لەوەی بۆ گەورەترین و گرنگترین ڕووداوی وەرزشی جیهانی بۆ ئۆڵۆمپیک هەڵبژێردرا.

لەم کاتەدا کە ئێمە یادی نەورۆز دەکەینەوە، دەبێت بڵێین کە لەندەن شانازی دەکات بەو دەستکەوتانەوە تا ئێستا بە دەستی هێناون و دەبێت دڵسۆزانە کاری گرنگتر و قورستر بکەین بۆ ئەوەی ژیانی باش بۆ هەرکەسێک کە لەم شارەدا دەژی، مسۆگەرتر بکەین.

**کین لیڤینگستۆن**
شارداری لەندەن



بەدڵفراوانییەوە هیوا و ئارەزووی خۆشی خۆم بۆ کۆمەڵگای کورد دەنێرم بە بۆنەی نەورۆزی ٢٠٠٦وە و بە هەموو یەکێک دەڵێم: "نەورۆزت پیرۆز بێت."

کۆمەڵگای کورد، ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە سەرخستنی دیاردەی فرەکولتووریی لەندەن، بەتایبەتی توتنهام؛ ئەو ناوچەیەی کە من نوێنەریانم لە پەرلەمانی بریتانیادا.

هیوادارم کە ساڵ بە ساڵ بەهێزتر بن لەم بوارەدا.

بە هیوام فێستیڤاڵی نەورۆز گەورەتر بێت، کە دەبێت، وەکو سەری ساڵی چینییەکان ببێتە هۆی هاندانی کۆمەڵگاکانی تری لەندەن بۆ هاوکاریکردنی کۆمەڵگای کورد و ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموو پێکەوە لە فێستیڤاڵی تایبەتی هەریەک لەم کۆمەڵگایانەدا بەشدار بین و لە سەرتاسەری فێستیڤاڵەکانی لەندەنیشدا ڕۆڵمان هەبێت.

لە ساڵانی ڕابوردووەوە فێستیڤاڵی نەورۆز لە باکووری لەندەندا گەورە و فراوانتر بووە و پێم خۆشە کە ئەم ساڵ لە سەرتاسەری یەک مانگی تەواو مانگی مارچ کۆمەڵێ چالاکی ڕۆشنبیری و کولتووری لەلایەن کۆمەڵێ خەڵکی جیاوازەوە ساز دەکرێت.

من بە دڵ دەستخۆشی لەو کەسانە دەکەم کە هاوبەشییان کردووە لەم چالاکییانە و لە ڕازاندنەوەی ئەم مانگە سەرکەتووەماندا.

هیوای سەرکەوتن بۆ نەورۆزی ٢٠٠٦

**دیڤید لامی**
وەزیری کولتوور و ئەندامی پەرلەمانی بریتانیا

# گەڕان بەدوای مەرجەعییەتدا بۆ خەڵکی کوردستان

**ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیش بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەشدا جۆرێك لە لێپرسراوێتی بەرانبەر کاروباری ئەندام و لێپرسراوانی هۆز، تیرە، کۆمەڵگا و جەماعەتەکاندا هەیە.**

ئێمەی کورد کاتێک بمانەوێت پاساوی کەموکورتی نێو خۆمان و کاری نابەجێی هەندێک لێپرسراوانی کورد بکەین، دەڵێین ناکرێت ئێمەی تازە بادەنۆشی ئازادی لەگەڵ گەلانێک بەراورد بکرێین کە ساڵەهای ساڵە ئازادن. دەمانەوێت دڵی خۆمان بەوە خۆش بکەین، یان ڕاستتر بڵێین خۆمان بەوە هەڵدەخەڵەتێنین، کە گوایە ئەوانیش جاران وەک ئێستای ئێمە بوون و ماوەیەکی زۆریان گەرەک بووە تاکو گەیشتوونەتە ئەم بارودۆخە پێشکەوتووەی ئەمڕۆیان. ڕەنگە بەشێکی ئەم پاساودانە لە جێی خۆیدا بێت، بەڵام ئەو دەلاقە گەورەیەی جیاوازیی نێوان شێوازی حوکم و شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک لە کوردستان لەگەڵ هی گەلانی پێشکەوتووی دنیا لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی گڵۆبەڵایزیشن و ئینتەرنێتە، بە هیچ پاساو ناکرێت.

ڕاستە لە سەدەکانی پێشوودا ئاشنابوون بە ئەزموونی گەلان کات و هەوڵ و سەرچاوەیەکی زۆری گەرەک بوو. سەفەرکردن بۆ وڵاتانی تر و مانەوە لەوێ و ئاشنابوون بە کولتووری ئەو کۆمەڵگایانە کارێکی ئەستەم و قورس بوو. ئەمجا گونجاندنی ئەو ئەزموونە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی جیاوازیان هەبووە، ئەستەمتریش بوو. لەوەش گرانتر قەناعەتپێکردنی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتانە بوو کە ئەگەر بێت و ئەو ئەزموونە بەسەر ئەواندا جێبەجێ بکرێت، ئەوا لە دواڕۆژدا قازانجی لێ دەکەن. ئەمە لەبەر ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک بەو جۆرە ئەزموونانە نامۆ بوون. بەڵام ئێستا ئەو پرۆسەیە زۆر ئاسان بووە.

ئەمڕۆ لە سایەی ئینتەرنێت و سەتەلایتەوە دنیا بووە بە گوندێکی بچووک ـ هێندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە زانیاری لەسەر بابەتەکانی ژیانەوە هەبێت. ئەزموونی گەلان ئێستا بەئاسانی، بە دەنگ و ڕەنگەوە، دەتوانرێت بگەیەنرێتە هەموو ماڵێک، هەواڵی ڕۆژانەی هەر گەل و کۆمەڵگایەک بە کەمتر لە چرکەیەک دەگاتە دواکونجی ئەم جیهانە، سەفەرکردن و مانەوە لە وڵاتان و فێربوونی ئەزموونی گەلان و ئامۆژگاری وەرگرتن لە سیاسەتمەدار و کەسە پیشەییەکانی ئەو سیستمانە زۆر بەئاسانی دەکرێن. بەکورتی کارەکە ئەوەندە ئاسان بووە، کە بواری خۆلێگێلکردنی تێدا نەماوە. ئەوەی زۆر جێگای داخە ئەوەیە کە ئێمەی کورد زۆر بەکەمی سوودمان لە تەکنۆلۆژیای



شۆڕش حاجی

نوێ و لەو گۆڕانە چۆنایەتییەی ئەم سەردەمە وەرگرتووە ـ ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە گەشەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرژەوەندیی بەرزی گەلەکەمانەوە هەبێت. لەوەش ناچێت بەتەمای ئەوە بین لە داهاتوویەکی نزیکدا سوودیان لێ وەربگرین.

یەکێک لەو دەردە گرانانەی ئێمەی کورد پێوەی دەناڵێنین نەبوونی مەرجەعییەتە. مەرجەعییەت، بە مانا ئایینییەکەی نا، بەڵکو بە مانایەکی دیموکراتی و مۆدێرن. لێرەدا مەبەست لە مەرجەعییەت کۆمەڵە کەسانێک، ئۆرگانێک یاخود جێگایەکە، کە من و تۆ و هەر کەسێکی خەڵکی کوردستان لە کاتی پێویستدا ڕووی تێ بکەین و هەر کاتێکیش مەترسی کەوتە سەر دەستکەوت و دواڕۆژی گەلەکەمان بە هانای هەموومانەوە بێت.

ئەگەر هات و کاربەدەستانی کورد چەوت و چەوێڵییەکیان کرد و زوڵمیان لە خەڵک کرد، خەڵک هانا بۆ کێ دەبەن؟ ئەگەر هات و دەسگای دادوەری لە کوردستاندا دادپەروەر نەبوو، کێ لەو بێدادییە دەپرسێتەوە؟ ئەگەر هات و دەسگاکانی حوکم و خزمەتگوزاری لە کوردستاندا کارەکانیان وەک پێویست نەکرد، کێ لێیان دەپرسێتەوە و ڕێوشوێنیان بۆ دادەنێت، یاخود سزایان دەدات؟ ئەگەر هات و لێپرسراوانی حکوومەت و سەرکردایەتیی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەرژەوەندیی خۆیان و خێزان و بنەماڵەکانیان خستە سەروو بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانەوە، کێ دەتوانێت ئەم بارە نالەبارە ڕاست بکاتەوە و لەسەر کاریان لابەرێت؟ ئەگەر هات و سەرکردەکانی کورد لە ئەرکی نیشتمانی لایان دا و مەترسی کەوتە سەر دواڕۆژی گەلەکەمان و خەریک بوو دەستکەوتەکانمان لە دەست بچێت، کێ دەتوانێت بە هانامانەوە بێت؟ کێ دەستوور و ڕێوشوێنی کوردانە بۆ هەموو ئەوانە دادەنێت و لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەماندا دەیانگۆڕێت؟

جێگای داخە کە تائێستا لەنێوکورددا کۆمەڵەکەسێک، دەسگایەک، یاخود ئۆرگانێک، نییە کە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و لەم کێشانە بپرسێتەوە و لە کاتی میحنەت و کارەساتدا بە هانامانەوە بێت! بە واتایەکی تر، تائێستا خەڵکی کوردستان هیچ مەرجەعییەتێکی نییە.

وڵات و کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دنیا چەندین دامودەسگایان هەیە کە ڕۆڵی مەرجەعییەت دەبینن. ئەو مەرجەعییەتانە هەم هێز و توانای مەعنەوییان هەیە و هەم بەپێی دەستوور یان عورفی کۆمەڵگاکەیان دەسەڵاتیان بۆ دیاری کراوە. بەشێکی سەرەکیی ئەرکەکانیان لێپرسینەوە و بەدواداچوونی ئەو کێشە گەورە و دۆزە چارەنووسسازانەن کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن. ئەنجوومەنی یاسادانان، دادگای بەرز، پەرلەمان،

کۆنگرێس، کۆمەڵی پیران، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، کاونسڵی باڵا، ئەنجوومەنی لۆردەکان و کۆمەڵی نوێنەران چەند نموونەیەکی ئەو جۆرە دامودەسگایانەن. هەموو ئەوانە بۆ خەڵکی وڵاتەکانی خۆیان مەرجەعییەتن. توانا و دەسەڵاتی ئەو ئۆرگانانەش بەپێی دەستوور یان عورفی ئەو وڵاتە دیاری کراون. تاکو بتوانن بە دەنگ خەڵکەوە بچن و ژیانی ئێستا و داواڕۆژی گەلەکانیان ڕێک بخەن. جێگای وەبیرهێنانەوەیە، کە هەر یەک لەم دەسگایانەی ئەو وڵات و کۆمەڵگا پێشکەوتووانەی دنیا، بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێک و لەسەر بنچینەیەکی داڕێژراو لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون.
بڕیاردان لەسەر دەستپێکردنی شەڕ یان ئیمزاکردنی ئاشتی، دانانی نەخشەی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە کاتی کارەسات و پشێویدا، تا دەگاتە پاراستنی سەربەخۆیی دادگا، یاسادانان و دابینکردنی ئازادیی تاکەکەس و میدیا و ڕێکخستنی پەیوەندیی تاک و کۆمەڵ، چەند نموونەیەکی کار و دەسەڵاتی ئەو جۆرە ئۆرگانە سەربەخۆیانەن کە لەلایەن خەڵکەوە دانراون و بۆ بەرژەوەندیی ئەوانیش کار دەکەن. ئایا ئێمەی کورد هیچ کام لەو جۆرە دامودەسگایانەمان هەیە؟
ئەوەی کەمێک بەویژدانەوە بیر بکاتەوە و ئامادە نەبێت پاساوی ئەم پاشاگەردانییەی کوردستان بکات، ڕاستەوخۆ بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. بە ڕواڵەت هەندێک دامودەسگای لەم بابەتە و بۆ ئەو مەبەستانەی پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، گوایە لە کوردستان، هەن. بەڵام بێگومان ئەوانە نە دەسەڵاتی مەعنەوی و نە توانای بڕیاردانیان هەیە. لە بەردەم کاری چەوتی لێپرسراوان و دەسگا دەسەڵاتدارەکان و زوڵمی کاربەدەستاندا بێ دەسەڵاتن. لە باشترین حاڵەتدا ئەرکی ئەندامانی ئەو دامودەسگایانە، وەک تووتی، وتنەوەی قسە و هەڵوێستی حیزبەکانیانە، یاخود بێدەنگییە.
ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیش بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەشدا جۆرێک لە لێپرسراوێتی بەرانبەر کاروباری ئەندام و لێپرسراوانی هۆز، تیرە، کۆمەڵگا و جەماعەتەکاندا هەیە. زۆربەی هۆز و تیرە دواکەوتووەکانی ئەفریقای ئێستا و جەنگەڵ و دوورگە دابڕاوەکانی نێو ئۆقیانووسەکان و هیندەسوورەکانی ئەمریکای جارانیش ئەنجوومەنی پیران و نوێنەری تیرە جیاجیاکانیان هەبووە و هەیە. ئەو ئەنجوومەنە لە کاروباری نێوخۆ و گیروگرفتەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەر و جیران دەکۆڵێتەوە، لە سەرپێچیکردن و هەڵسوکەوتی لێپرسراوان دەپێچێتەوە.

جۆری بڕیاردان لەو ئەنجوومەنانە یان بە زۆربەی دەنگ یاخود بە کۆمەڵە و زۆر بەدەگمەن ڕوویداوە کە یەکێک توانیبێتی بڕیارەکانیان هەڵبوەشێنێتەوە. بەداخەوە ئێمەی کورد لەمەشدا بێ بەشین و ئەم جۆرە ئەنجوومەنە "عەشایەرییە"شمان نییە. ئەگەر ئۆرگانێکی لەو بابەتە هەشبێت ئەوا دوابڕیار هەر هی سەرۆک و لێپرسراوی یەکەمە و ئەندامەکانی تری ئەو ئۆرگانانە بۆ چاوبەستەکێی خەڵک لەوێ دانراون. بەپێی ئەمە ئێمەی کورد دەبێت لە عالەم بەدەر بین.
وا نزیکەی پانزە ساڵە کوردستانی عیراق ئازادە ــ پانزە ساڵی سەردەمی ئینتەرنێت و سەتەلایت و گلۆبەلایزەیشن. لە ماوەی ئەم پانزە ساڵەی ڕابوردوودا دەیان و بگرە سەدان جار لێپرسراوانی کورد سەفەریان بۆ ئەوروپا و ئەمریکا کردووە و بۆ ماوەیەکی باشیش لەو وڵاتانە ماونەتەوە، زۆربەی جارەکانیش لەگەڵ گەورەپیاوانی دنیادا دانیشتوون و وتووێژیان لەسەر زۆر بابەتی گرنگ کردووە. چەندین پسپۆڕ و سیاسەتمەدار و لێپرسراوی دنیا سەردانی کوردستانیان کردووە و لەگەڵ لێپرسراوانی کورددا کۆ بوونەتەوە. دەیان و سەدان کەس بۆ ماوەی کورت یان درێژ بۆ مەشقکردن لە کوردستانەوە نێردراون بۆ دەرەوە و لەسەر چەندین بابەتی گرنگ دەورەی ئاشنابوون و فێربوونیان بینیوە. لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەدا چەندین ملیار دۆلار پارە لەلایەن ئەو کوردانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین، یاخود لەو بڕەپارەیەی کە لەسەر بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کوردستان تەرخان کرابوو، چۆتە نێو بازاڕی کوردستانەوە ــ ئەمە بێجگە لەو هەموو داهاتەی کوردستان کە ئیدارەکانی کوردستان پەیدایان کردووە. چەندین کەناڵی سەتەلایتی تەلەفزیۆن لە کوردستانەوە بۆ جیهان پەخش دەکرێن و هەموو کەناڵەکانی سەتەلایتی جیهان لە کوردستان وەردەگیرێن، بەڵام ئەو هەموو سەرچاوانە سوودیان وەک پێویست لێ وەرنەگیراوە. تائێستا هیچ ئۆرگان و دامودەسگایەک کە دەکرا ببێت بە مەرجەعییەت دانەمەزراوە. کێ چمکی هەرە گەورەی ئەم بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆدایە؟ ئێمەین، سەرکردەکانی کوردن، یاخود هەردوو لامانین؟
ئەگەر نەبوونی ئەم جۆرە مەرجەعییەتە لە بەرژەوەندیی بەشێکی لێپرسراوانی کورددا بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی هیچ تاکێکی گەلەکەماندا نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە زەرەری گەورەمان لێکردووە و دوور نییە لەداوارۆژدا تووشی زەرەری گەورەتر و تەنانەت کارەساتیش ببین.
ئەگەر لێپرسراوانی کورد ڕێگر بن لە بەردەم دروستبوونی مەرجەعییەتێکی دیموکراتیی مۆدێرندا بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەمان، ئەوا ئەوانە لێپرسراو دەبن لە بەردەم مێژوودا، چونکە ئەم وەزعە بەرەو لەدەستدانی دەستەکەوتەکانی گەلەکەمان دەچێت، کە بە خوێن و ئارەقەی سەدان هەزار تێکۆشەر هاتۆتە دی. خۆ ئەگەر ڕۆشنبیر و خەمخۆرەکانی کوردیش لە ئاستی ئەم مەسەلەیەدا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بن، ئەوا ئەوانیش بە هەمان شێوە لێپرسراو دەبن لە بەردەم مێژوودا، چونکە هەوڵی دابینکردنی داوارۆژێکی ئاسوودەیان بۆ نەوەکانمان نەداوە.
هەر کۆمەڵێک مەرجەعییەتێکی نەبێت، کە لە کاتی پێویستدا ڕووی تێ بکرێت و دڵسۆزانە بە تەنگ داوارۆژ و چارەنووسی ئەو کۆمەڵەوە نەێت، ئەوا داوارۆژێکی تاریک چاوەڕێی دەکات. بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو ڕێکخراو و حیزب و تاکێکی خەڵکی کوردستانە بیر لە گرنگیی ئەو مەرجەعییەتە بکەنەوە و بە هەموو توانایەکیانەوە ئیش بۆ دروستکردنی بکەن.

**"ئەگەر لێپرسراوانی کورد ڕێگر بن لە بەردەم دروستبوونی مەرجەعییەتێکی دیموکراتیی مۆدێرندا بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەمان، ئەوا ئەوانە لێپرسراو دەبن لە بەردەم مێژوودا، چونکە ئەم وەزعە بەرەو لەدەستدانی دەستەکەوتەکانی گەلەکەمان دەچێت، کە بە خوێن و ئارەقەی سەدان هەزار تێکۆشەر هاتۆتە دی."**

# کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

هاشمی کەریمی

ویستی نەتەوایەتیی گەلانی بندەستی ئێران، یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی ئەمڕۆی ئێران. ئەگەر بۆ ساڵەها تەنیا خەڵکی کورد لە کوردستاندا کێشەی نەتەوایەتی و پێویستیی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی خۆیان لەلایەن نوێنەرانی خۆیانەوە هێنابووە گۆڕێ، لەم ئاخرانەدا عەرەبەکان و بولوچەکان و تورکەکانی ئازربایجان و تورکمەنەکانیش هەرکام بە شێوەیەک بۆ وەدیهاتنی ئەو مافە تێ دەکۆشن و پێویستی لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی نەتەوایەتیی کۆمەڵی ئێرانیان خستۆتە بەر چاوی بیروڕای گشتی، لە سۆنگەی ئەمە و ڕووداوەکانی کوردستانی باشووردا، جاران کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی پێگەی لەمێژینەی گەلییە لە کوردستانی ئێراندا، داوای دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی دەکرد، لە ئاخرین کۆنگرەی خۆیدا، دروشمەکەی گۆڕی و داوای دامەزرانی سیستمێکی فیدراڵ لە ئێراندا دەکات، ئەو حیزبە پێی وایە هەرچەند هەر نەتەوەیەک دەبێت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای ناوچەکە و جیهاندا ئەم دروشمە دەرخورد و شیاوە بۆ گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا.

لە وڵاتی ئێراندا ئەگەر جاران حاشا لە فرەنەتەوەییبوونی کۆمەڵی ئێران دەکرا و لە لایەن شۆڤێنیستانی ئێرانییەوە چەمکی ئێران و فارس یەک واتەی لە خۆی دەگرت، ئەمڕۆ ئیتر کەس ناتوانێت ئەو ڕاستییە حاشا لێ بکات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەییە و لە پرۆسەی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا هیچ کات وڵاتێکی یەکنەتەوەیی و یەکزمانی نەبووە.

لە ئێرانی ئەمڕۆدا لە باری زمانەوە، میللەتەکانی ئێران بە سێ لقی سەرەکی دابەش دەکرێن:

١- زمانەکانی سەر بە لقی هیندوئەورووپایی کە بریتین لە زمانی کوردەکان، فارسەکان و بولوچەکان کە ئەم سێ پێکهاتە وەکو میللەتی جیا چاویان لێ دەکرێت، ئەو خەڵکانەی بە زاراوەکانی گیلەکی، مازندەرانی قسە دەکەن، لە فارسەکان نزیکن و زاراوەی لوڕەکان و لەکەکان لە کوردی نزیکن و تەنانەت هێندێک لە توێژەرەوان ئەوانە هەر بە کورد دادەنێن، ئەم چەندین زمان و زاراوە نزیکایەتیی زۆریان پێکەوە هەیە، هەروەها زمانی ئەرمەنییەکان یەکێکە لە زمانەکانی هیندوئەورووپایی و لەگەڵ زمان و زاراوەکانی سەرەوە خزمایەتییەکی دووریان پێکەوە هەیە.

٢ـ زمانە ئەڵتاییەکان کە بریتین لە زمانی تورکەکانی ئازەربایجان و تورکمەنەکان و قەشقاییەکان کە ئەمانەی ئاخر عەشیرەتێکی گەورەن و لە ئوستانی فارسی باشووری ئێراندا دەژین.

٣ـ زمانە سامییەکان کە بریتین لە عەرەبەکان و ئاسوورییەکان و عبیرییەکان (جوولەکەکان).


ئەگەر حەشیمەت و ناوچەکانی نیشتەجێبوونی میللەتەکانی ئێران لە باری جوگرافیاییەوە لە بەرچاو بگرین، کە دیارە کێشەی حەشیمەت پتر باری خەملکردنی هەیە، تورکەکانی ئازەربایجان بە ڕادەی سی لە سەددا پتر لە باکووری ڕۆژئاوا، کوردەکان بە ڕادەی دە لە سەددا زیاتر لە ڕۆژئاوا، عەرەبەکان بە ڕادەی چوار لە سەددا لە باشووری ڕۆژئاوا، تورکمەنەکان بە ڕادەی دوو لە سەددا لە باکووری ڕۆژهەڵات و بولوچەکان بە ڕادەی سێ لە سەددا لە باشووری ڕۆژهەڵات دەژین، واتە ئەو ناوچانەی کە چواردەوری ئێرانیان داوە زیاتر میللەتەکانی بندەستی ئێرانی لێ دەژین و فارسەکان کە کەمتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران پێک دەهێنن، پتر لە ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئێراندا نیشەجێن. جگە لەو میللەتانە، چەندین کەمایەتی لە ئێراندا هەن کە سەرزەویی تایبەت بە خۆیان نییە و پتر لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێن و ئەوانەش بریتین لە ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکان و جوولەکەکان.

لە ئێراندا وشەی میللەت دوای شۆڕشی مەشروتە لە ساڵەکانی ١٩٠٦ تا ١٩١١ی زایین و سەرهەڵدانی سەرمایەداری هاتە نێو فەرهەنگی سیاسییەوە کە جیاوازی هەبوو لەگەڵ چەمکە کۆنەکانی وەکو قەوم و هۆز، کە دیارە بۆ یەکەمین جار لە سۆنگەی فیدارکاریی گەلانی ئێران، بەتایبەت تورکەکانی ئازەربایجان لە شۆڕشی مەشروتەدا، گەلاڵەی ئیدارەی وڵات بە شێوازی ئەیالەت و وەلایەت لە قانوونی بنەڕەتی (دەستوور)دا هاتە گۆڕێ و بەپێی (متمم)ی قانوونی بنەڕەتی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٠٧ی زایین، بڕیار درا لە هەر ناوچە و شارێکی گەورە، ئەنجوومەنەکانی هەڵبژێردراوی خەڵک ئیختیاری چاوەدێری بەسەر کۆکردنەوەی ماڵیات (زەریبە) و کۆنتڕۆڵکردنی بەرپرسان و فەرمانبەرانی ئیدارەی ناوچەی خۆیان بدرێتێ. بەداخەوە ئەم قانوونی ئەیالەت و وەلایەتە قەت جێبەجێ نەکرا و ماوەیەکی کورت دوای شۆڕشی

**"ڕەوتی شۆڤێنیستی ئێرانی تێکۆشا کە چەمکی میللەت تەنیا بۆ میللەتی فارس لێك بدرێتەوە."**

**"ئەمڕۆ ئیتر کەس ناتوانێت ئەو ڕاستییە حاشا لێ بکات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەییە و لە پرۆسەی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا هیچ کات وڵاتێکی یەکنەتەوەیی و یەکزمانی نەبووە."**

مەشروتە، ڕەوتی شۆڤێنیستی ئێرانی تێکۆشا کە چەمکی میللەت تەنیا بۆ میللەتی فارس لێک بدرێتەوە.
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویی ١٩٤٦ی زایینی زیاترین ویستەکانی گەلی کوردمانی لە باری سیاسی و فەرهەنگییەوە وە دی هێنا، بەڵام بەداخەوە تەمەنی ئەم کۆمارە زۆر کورت بوو و ڕژێمی حەمەڕەزاشا بە بیانووی جیاوازیخوازی و بە یارمەتیی حکوومەتەکانی ئەمریکا و بریتانیا و بەهۆی خەیانەتی ئاشکرای دەستگای ستالین، توانی کۆمار سەرکوت بکات و پتر لە بیست کەس لە سەرانی کۆمار و یەک لەوان پێشەوا قازی محەمەد ئیعدام کران.
خەباتی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران دوای ڕووخانی کۆماریش قەت ڕانەوەستاوە، لە ساڵەکانی ١٣٤٦ـ١٣٤٧ی هەتاوی ١٩٦٧ـ ١٩٦٨ی زایین، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بە بەرپرسیاریەتی شەهیدان سولێمان معینی، سمایل شەریفزادە و مەلا ئاوارە لە ناوچەکانی پیرانشار، سەردەشت، بانە، مەهاباد و بۆکان دەستی دایە خەباتی چەکداری، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕژێمی حەمەڕەزا شا لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بوو و لەگەڵ ئەوەش پشتیوانی دەرەکیشی لە پشت بوو، دوای هەژدە مانگ، زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی جووڵانەوەکە شەهید کران، یان پەنایان بۆ هەندەران برد و ئەو خەباتە چەکدارییە تەنیا مێژوویەکی زێڕینی بۆ گەلەکەمان تۆمار کرد.
گەلی کوردمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، بەرامبەر ١٩٧٩ی زایین، شێلگیرانە بۆ ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزا شا پێشێلکەری مافی گەلانی بندەستی ئێران تێکۆشا، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی حکوومەتێک جێی بگرێتەوە کە دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا دابین بکات و کێشەی نەتەوایەتیی میللەتەکانی بندەستی ئێران چارەسەر بکات. ڕژێمێک هاتە سەر کار کە نوێنەری ڕاستەقینەی شۆڤێنیزمی ئێرانی و ئوسوڵگەرایی ئیسلامییە، پشتیوانی تیرۆریزمی نێوخۆیی و نێونەتەوەییە و خەرج و مەخاریجی بەشێک لە تیرۆریستەکانی دابین دەکات، دژایەتی لەگەڵ مافی مرۆڤی پەسەندکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.


هاشمی کەریمی

پێشێلکەری ئازادی ژنانە، دژی بیر و بۆچوونە پێشکەوتوو و تازەکانە و خوو و خدە کۆنباوەکان پەرە پێ دەدات، دژایەتی لەگەڵ زانست و هونەر دەکات و دژی شادی و خۆشییە و بەرگری لە کولتووری خەم و پەژارە و شەهیدپەروەری دەکات، بە چاوی مرۆڤی پلە دوو سەیری خەڵکانی ناشیعە دەکات و سەرئەنجام هەر وەکو ڕژێمەکانی پێشوو حاشا دەکات لە پێکهاتەی فرەنەتەوەییبوونی ئێران.
بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستاندا ویستیان لە ڕێگەی ئاشتی و هێمنانە ویستەکانی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بهێننە گۆڕێ و چەندین کۆڕی نوێنەرایەتییان ناردە لای خومەینی و سەرەککۆمار و کاربەدەستانی ئەوکاتی ڕژێم، کەچی ڕژێم لە پێشدا بە فێڵ و تەقیە کە گوایە گەلی کورد برامانە و دەبێت مافەکانی بسەلمێندرێت و دوایش کە هێزەکانی تەیار و ڕێکوپێک کرد، حوکمی جیهادی دا و هێرشی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمانی شەڵاڵی خوێن کرد و بە هەزاران پێشمەرگە و دەیان هەزار خەڵکی بێ دیفاع گیانیان لە دەست دا.
ئەوە بیست و شەش ساڵە کوردستان لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە میلیتاریزە کراوە، هەرچەند ڕژێم هەوڵی زۆری داوە کە بیروڕای خەڵکی کوردستان بۆ لای بیر و بۆچوونی کۆنەپەرستانەی خۆی ڕابکێشێت، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، جگە لە کەمایەتییەک کە ئەوانیش سووک و ترۆی بەر چاوی خەڵکن، ڕژێم نەیتوانیوە لەسەر بیر و هزری کۆمەڵانی خەڵک کاریگەری دابنێت، هەرچەند ڕژێم بە هێنانە مەیدانی هەموو هێزەکانی ئەرتەش و پاسدار و بەسیج و جاش، تا ڕادەیەک توانی پاشەکشە بە هێزی پێشمەرگە بکات، بەڵام میللەتەکەمان هەر بوارێکی بۆ ڕەخسا بێت بە خۆپێشاندان و مانگرتن و شێوەکانی دیکەی خەبات دژایەتیی خۆی لەگەڵ ڕژێم دەربڕیوە، کە نموونەی تازەی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی کوردستانە.

**"هەرچەند ڕژێم بە هێنانە مەیدانی هەموو هێزەکانی ئەرتەش و پاسدار و بەسیج و جاش، تا ڕادەیەک توانی پاشەکشە بە هێزی پێشمەرگە بکات، بەڵام میللەتەکەمان هەر بوارێکی بۆ ڕەخسا بێت بە خۆپێشاندان و مانگرتن و شێوەکانی دیکەی خەبات دژایەتیی خۆی لەگەڵ ڕژێم دەربڕیوە، کە نموونەی تازەی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی کوردستانە."**

بێگومان گۆڕانکاری لە چەند شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەریی خۆی لەسەر وڵاتی ئێرانیش دادەنێت و سیستەمێکی ئاوا دواکەوتووی وەک کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بۆ هەمیشە کۆسپی سەر ڕێگەی دیموکراسی و پێشکەوتن و بەختەوەریی خەڵکانی ئێران بێت و سەرئەنجام جێگە بۆ سیستەمێکی شیاوی چەرخی بیستویەک چۆڵ دەکات، کە گەلی کوردمان لە سیستەمێکی ئەوتۆدایە، دەتوانێت بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی شاد ببێت.

# هاوڕێیەك بۆ چیا

*کوردەکان، هەمیشە گلەییان کردووە کە جگە لە چیاکان، هیچ هاوڕێیان نییە؛ بەڵام لەوەتەی ئەنجوومەنی ناوچەی مانچستەر لە ١٥ی ١٢ی ٢٠٠٥دا، یادداشتنامەی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەنجوومەنی شاری سلێمانیدا ئیمزا کردووە، ئەم کورتە ڕستەیە دەبێت جارێکی تر هەڵسەنگێنرێتەوە. هوشیار عابد، کە لەو گفتوگۆیەدا ڕۆڵی هەبووە، وا بایەخی ئەو ڕێککەوتنە باس دەکات.*

**هوشیار عابد**

لەپاش دیدەنیی لۆرد مایەری مانچستەر (نوێنەری مەلیکە) ئەفزال خان، لەکاتێکدا بەناو داڵانێکی گەورەی تەلاری ١٣٠ی ساڵەی شارداریی مانچستەردا تێپەڕین، بەرەو ژووری «ڤال ستیڤینس»ی جێگری سەرۆکی دەستەی جێبەجێکار و سەرۆکی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە دەستەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی مانچستەردا، کاک شێرزاد حافیز؛ سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری سلێمانی، کە بە چپە دەدوا، لێی پرسیم: "بۆچی ئێمە لەباتیی سەرۆک جێگرەکەی دەبینین؟" کاک شێرزاد کە خۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری سلێمانییە لای گونجاوتر بوو کە بەرانبەرەکەی ببینێت، نەک جێگر.

لەو کاتەی هەوڵم دەدا لەوە دڵنیای بکەمەوە کە ئەو فەرمانبەری هەرەباڵای ئەم جۆرە پەیوەندییانە دەبینێت، کە لێپرساوی پەیوەندییە لەگەڵ هەموو شاندێکی میوان، بۆم ڕوون بووەوە کە چەندێ ئەم دوو بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەمان لە یەکتر جودان.

ئێمە بە هۆی پێشینەی بیروباوەڕمان و جۆری پەروەردەمان، تێڕوانینمان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و بەرپرسیاری نارێک و ناساغڵەمە، ئێمە ئەو ڕێکخراوە و دەستانە وەکو خێڵێکی بچووک وەرگرتووە و لەلای ئێمە سەرۆک ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدات و تەنیا کێشە و مەسەلە بچووک و بێبایەخەکان بۆ جێگر و فەرمانبەرە پلە نەوییەکان بە جێ دەهێڵێت.

ئەوەی سەرەوە تەواو ئەو سەرنجە بوو کە کاک شێرزاد لە هەردوو سەردانەکەیدا بۆ مانچستەر و وتووێژەکانی لەگەڵ ئەو بەرپرسیارانەدا کە بینینی، جەختی لەسەر دەکرد: "ئێمە زۆرمان ماوە کە فێر ببین و دەبێت خێراش فێر ببین!"

بێگومان ئێمە وەکو میللەتێک بواری ئەوەمان نەدراوەتێ کە کاروباری خۆمان بەڕێوە بەرین، سەرباری ئەوەی کە نەک هەر لە عێراقدا، بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هیچ تاقیکردنەوە و نەریت و بەرنامە و ڕابەرنامەیەک لە ئارادا نییە کە لەسەری بڕۆین، بۆیە ئەم ڕێککەوتنەی کە ئەنجوومەنی سلێمانی و شارداریی مانچستەر ئیمزایان کردووە؛ گرنگە. ئەمە



ڤال ستیڤنس سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری سلێمانی شێرزاد حافیز

پردێکە بۆ نزیککردنەوەی ئەو دوو لایەنە دوور لە یەکترە و هەنگاوێکە بەرەو ئاراستەی دروست. لە هەموو ئەوانەش زیاتر دەروازەیەکە بۆ هاوئاهەنگی و پشتگیری بۆ دامەزراوە دیموکراتییە ساواکانی کوردستان.

لە ڕووی جۆرەوە، ئەمە یەکەم ڕێککەوتنە لە عێراقدا، کە چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری و پشتگیری و ئاراستەکردن و ڕێنوێنیی پێشخستنی نێوان کوردستان و جیهان دروست دەکات.

سەرکەوتنی ئەم گرێبەندییە ڕەنگە هەوێنێک بێت بۆ تاقیکردنەوەی نوێ لەنێوان شارەکانی تری وەک کەرکووک و بەرمەنگهام و هەولێر و ئەدنبرە و...هتد.

ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە، ئەگەرچی سانایە و هیچ شاکارییەک بە دەر ناکات، بەڵام خودی بیرۆکەکەی تا بڵێیت بەرز و تا بڵێیت گرنگ و بەنرخە. بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونەش من تەنیا ئاماژە بۆ دوو گرنگی دەکەم:

١ـ گەشەکردنی کاروباری خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییان لە تەواوی عیراقدا، بووبوونە قوربانیی شەڕ و گەمارۆدان و بەعساندن و شلۆقیی باری ڕامیاری، ئێستاش لەژێر باری نائارامی، گەندەڵیی ئیداری، بێپلانی، ناڕوونیی بۆچوونی ئیداری و سیاسی دەناڵێنێت. تەنانەت لە کوردستانیشدا، هێشتا هەر بێپلانی، ناڕوونیی بەرپرسیارێتی، چەڵەمەی سەخت دەخەنە بەردەم پێشکەوتنی خزمەتگوزاری و ئاسوودەکردنی هاووڵاتیان.

ئەنجوومەنی شارداری پاشماوەی دامودەستگایەکی خزمەتگواری وا لە بۆ بەجێماوە کە بەڕاستی لە بارودۆخێکی پڕ مەترسیدایە.

بەڵام ئەمانە بۆیە هەڵبژێردراون تاکو بتوانن لە بوارێکی درێژخایەندا سەر بکەون بەسەر هەموو کۆسپەکان و بگەنە سەر ئەو ڕێگایەی کە بەئاسانی خزمەتگوزاری فەراهەم بکەن بۆ هاووڵاتییان.

لەمانەشدا، پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی ناوچەکە پێویستی بە هەموو هاوکاری و یارمەتییەکە کە دەشێت پێی بگات.

٢ـ ئەنجوومەنی شادارییی مانچستەر، یەکێکە لەو دەسەڵاتە پێشڕەوانەی کە شارەزایی تەواویان هەیە لە کۆمەک و یارمەتیدانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە هەموو جیهاندا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەرەوپێشەوەچوونیان. ئەم ئەنجوومەنە ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئیداری و

ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئەمریکای لاتین و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دووریش.
ئەو شێوازە یارمەتی و کۆمەکانەش بەسانایی نایەتە دەست، ئەگەر ئەنجوومەنی شاری سلێمانی هەوڵ نەدات بەتەواوەتی سوود لەو گرێبەندە وەربگرێت و کاری دەیان ساڵ کورت و کورتتر بکاتەوە.
ئەم هاوکارییە لەلایەن ئەنجوومەنی ناوچەی مانچستەر هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردووە، ئەمان داوەتنامەیەکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی شارەوانی کردووە تا شاندێکی پسپۆر و گەورەی خۆیان لە ناوەڕاستی مانگی مارتدا ڕەوانەی مانچستەر بکەن، تا لەنزیکەوە گفتوگۆ بکەن و پێداویستییەکانی سلێمانی یەکلا بکەن و پرۆگرامی ساڵانەی کار ئامادە بکەن. ئەمەش بێگومان هەلێکی گەورەیە بۆ نەتەوەکەمان.

**"ئێمە بە هۆی پێشینەی بیروباوەڕمان و جۆری پەروەردەمان، تێڕوانینمان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و بەرپرسیاری ناڕێك و ناساغڵەمە، ئێمە ئەو ڕێکخراوە و دەستانە وەکو خێڵێکی بچووك وەرگرتووە و لەلای ئێمە سەرۆك ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسەر هەموو شتێك دەدات و تەنیا کێشە و مەسەلە بچووك و بێبایەخەکان بۆ جێگر و فەرمانبەرە پلە نەوییەکان بە جێ دەهێڵێت."**

گرنگە لە کۆتاییدا بڵێین کە بەرپرسیارێتیی سەرخستنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، تەنیا لەسەر شانی ئەنجوومەنی شارەوانیی سلێمانی و چەند بەرپرسێک نییە، لەگەڵ بەرانبەرەکانیان لە مانچستەردا. ئەم دەستپێشکەرییە بۆ دانیشتووانی هەردوو شارەکەیە، کە دیارە دەبێت ئەوانیش ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان ببینن لە پشتگیری، پێشخستن و هاندانی هاوئاهەنگیی زۆرتر و کارئاسانی لەنێوان هەردوو کۆمەڵگاکەدا، هەربۆیە پێویستییان بە سەکۆیەکیشە کە لە ڕێگەیەوە بتوانن ئەو پشتگیرییە دەربڕن و بیگەیەننە ئامانجە گونجاوەکانی خۆی.
جێی وەبیرهێنانەوەیە بزانرێت کە گرنگە ئەو دەستەیە دەبێت دابمەزرێت و چالاکی و پسپۆری لە هەردووک لا بگرێتە خۆ، تا لەسەر بەرنامەی هاوئاهەنگی کار بکرێت، دەنا بیرۆکراسییەت ئەم ئەرک و ڕێککەوتنە نایابەش لەسەر تاق هەڵدەپەسێرێت!

# لاوانی کورد لە بریتانیا
# دامەزراندنی باسێك و یەك پێشنیار

## ئالان سوڵتانی

لە ئەنجامی هەندێ سیاسەتی هەڵەی حکوومەتی بریتانیا لەمەڕ پەنابەرانی کوردی باشووری کوردستان و هەروەها تەمەنی کەم و گەنجیەتی زۆرێک لە پەنابەران و پێداویستیی ئیشکردنیان، بارودۆخێکی نالەباری ئەوتۆ خوڵقاوە کە گەلێک تەنگژەی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێناوە.
پەنابەرانی کوردی باشووری کوردستان کە دوای ساڵی ١٩٩١ گەیشتوونەتە بریتانیا هەندێ تایبەتمەندیی گشتییان هەیە کە لە پەنابەرانی پێش ئەو ساڵەیان جیا دەکاتەوە:
- بە تەمەن گەنجتر و کەمئەزموونترن،
- کەمتر تێکەڵاوی کاری سیاسی و حیزبین،
- زیاتر پێویستیان بە ئیشکردن هەیە،
- کەمتر لە بیری خوێندندان و زیاتر بیر لە ئیش و کار دەکەنەوە.
ئەم تایبەتمەندییانە و هەروەها سیاسەتی ڕەسمیی حکوومەت لە بریتانیا کە دوای ساڵی ٢٠٠١ وەڵامی داواکاریی پەنابەرانی کورد و عیراقی بە نەرێیی دەداتەوە و لە بارودۆخێکی وایاندا ڕادەگرێت کە نە مافی ئیشکردنیان هەیە و نە شوێنی ژیانی پێویست، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی نائارامی، تووڕەیی، دوورکەوتنەوەی زیاتر لە خوێندن، ڕووکردنە ئیشی غەیرەقانوونی و تەنانەت هەندێ موخالەفەی یاسا بەتایبەت لە بواری شۆفێری و خاوەنایەتیی ئۆتۆمۆبیل و کێشەی ئیجازە و زامن.
ئەگەر کارەکە هەر بەوەندە بوەستایە کە تاک و تەرایەک گەنج و لاوی کورد تووشی گێرەوکێشە ببوایەن، دەکرا وەک دیاردەیەکی ئاسایی سەیری بکەین و بڵێین باشە، ئەوە سروشتی مرۆڤە لەو تەمەنەدا و هیچ کۆمەڵگایەکی سەر زەوی نابینرێت کە دوور لەو کێشە و تەنگژانە بێت. بەڵام کاتێ ژمارەی کەیسی موخالەفە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی پۆلیس و ئاسایش و هەروەها دادگاییکران و زیندانیبوونی کوردی باشووری کوردستان لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچە و تەنانەت لەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەراورد دەکەین، دەگەینە ئەنجامی ئەوەی کە دیاردەکە پێویستی بە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەیەکی وردتر و زانستیانە هەیە.
دیارە بۆ ئەو کەسانەی وا لە دەرەوەی کێشەکان وەستاون، یاخود ئاگاداریی تەواویان لە مەسەلەکان نییە، باسەکە خاوەنی گرنگایەتیی ئەوتۆ نییە، بەڵام بۆ کەسانی لەنزیکەوە ئاگادارتر، وا هەیە شێوازی دیکەی هەبێت.
من لە ماوەی ٦ ساڵی ڕابوردوودا بە ئیش و کاری تەرجەمەوە خەریکم و پێشتریش وەک فەرمانبەری یەکێک لە ڕێکخراوە کوردییەکانی لەندەن پێوەندی ڕۆژانەم لەگەڵ پەنابەرانی کورد و کاروبارییان هەبووە و ژمارەی ڕوولەزیادی کەیسی پۆلیس و دادگا و زیندانیی کوردی باشوور، کە ڕاستەوخۆ لێیان ئاگادار بوومەتەوە گەیشتۆتە ڕادەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە بە پێویستم زانی بێدەنگی بشکێنم و کێشەکە لە پڕ و پێست دەربهێنم بەو هیوایەی کە خەڵکانی دڵسۆز و خەمخۆری گەل و هەروەها ڕێکخراوە کوردییەکانی بریتانیا بخەمە بیری لێکۆڵینەوە و چارەسەردۆزینەوە بۆ دیاردەیەک کە ئەگەر بێت و درێژەی هەبێت لە لایەکەوە سومعەی کوردی پێ دەشکێت و لە لایەکی دیکەوە گەنج و لاوی هیوای دوارۆژی کۆمەڵگامان زیاتر و زیاتر لە خوێندن و خزمەت و سوودگەیاندن بە خەڵک دوور دەخاتەوە و دەیانکاتە کەسانێکی بێ قازانج بۆ کۆمەڵگا و زۆر وا هەیە دژ بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایش.
وا هەیە زۆر کەس ئاگاداری قووڵایی کێشەکە نەبن و لایان وا بێت من زێدەڕۆیی دەکەم، بەڵام ئەوانەی وا لە نزیکەوە پێوەندییان بە کۆمەڵگای پەنابەرانی کوردەوە هەیە و ئەم شار و ئەو شار دەگەڕێن دەزانن ئەوەی من دەیڵێم تەنیا بەشێکی کەم لە مەسەلەکەیە و کارەساتەکە لەوانە گەورەترە وا ئەوان بیری لێ دەکەنەوە. من ئەگەر بڵێم یەکێ لە زیندانەکانی سەرووی بریتانیا ڕاگەیاندنەکانی بە چوار زمانی بێگانەی غەیرەئینگلیزی دەنووسێت و یەک لەو چوار زمانە، کوردیی سۆرانییە ڕەنگە توانیبێتم بەشێک لە گرفتەکەم خستبێتە بەر چاوی خوێنەر.
ئاشکرایە من نە دەمەوێت و نە مافی ئەوەم هەیە باسی کەیسی تایبەت و ناوی

تایبەت بکەم، بەڵام با بە سەرپێیی دەست لەسەر هەندێ مەسەلەی گشتی دابنێم کە ڕاستەوخۆ وەک تەرجومان لێی ئاگادار بوومەتەوە.

ئەو کەیسانە، بەگوێرەی گرنگایەتی بریتی بوون لە:

- مرۆڤکوژی،
- دەستدرێژی بۆ سەر ژنان،
- دزی و ڕووتاندنەوە،
- خواردن یا فرۆشتنی مادەی سڕکەر،
- شەڕ و چەقۆلێدان،
- مەشرووبخواردنەوە لە کاتی سەیارەلێخۆڕیندا،
- سەیارەلێخوڕینی بێ ئیجازە و زامن،
- خێرایی لەڕادەبەدەر لە کاتی سەیارەلێخۆڕینی سەر جادە،
- فرۆشتنی جگەری قاچاخ.

لەناو ئەوانەدا، شەڕ و چەقۆلێدان و مەسەلەی فرۆشتن و خواردنی مادەی سڕکەر، هەروەها فرۆشتنی جگەری قاچاغ گەلێک زۆرن و وا هەیە لە باری ژمارەوە بە سەرجەم خۆ لە ژمارەی کەیسی پێوەندیدار بە ئۆتۆمۆبیللێخوڕین بدەن، کە بێگومان زیاترینیانە.

گەرچی موخالەفە و یاساشکاندن هیچ بیانوویەک هەڵناگرێت و خەڵک وا هەیە لە هەر بارێکی ژیاندا بن مەجبوور بن مل بۆ یاسا دابنەوێنن، بەڵام لە بنکۆڵکردنی هۆکارەکانی ئەو دیاردە ناحەزانەدا، پێویستە گەلێک لایەنی کۆمەڵناسانە و سایکۆلۆژییانە هاوڕێ لەگەڵ لایەنی ئابووری و سیاسی بگیرێنە بەر چاو - لێکۆڵینەوەیەک کە درەنگ یا زوو دەبێ بەڕێوە ببرێت.

لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت سەرچاوە و هۆکاری موخالەفەکان بدۆزرێنەوە و لە ڕێگەی بنبڕکردنی سەرچاوەکانەوە هەوڵی چارەسەری کێشە تاکەکەسییەکان بدرێت.

وەک گوترا، یەک لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ ئەو کردەوە دژی کۆمەڵگایانە، نەبوونی مافی یاساییە بۆ ئیشکردن و ئیجازەی سەیاقەتوەرگرتن و زۆر شتی دیکەی لەم چەشنە.

هۆکارەکانی دیکە وا هەیە فەردی و تاکەکەسی بن و پێوەندیان بە شەخسی موخالەفەکارەوە هەبێت. بەداخەوە کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا، ئەندامێکی بێ سەرە، واتە کەس بەرپرسی کەس نییە و تۆ نازانیت بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگوچەڵەمانە ڕوو بکەیە کێ و کوێ. کورد نە دەوڵەتی هەیە، نە باڵوێزخانە و نە وەک جوولەکە ناوەندی ئەوتۆ کە هەموو لایەک گوێڕایەڵی ڕێنموونییەکانی بن. هەربۆیەش تەنانەت پۆلیسی بەریتانیا نازانێت داوای یارمەتی لە کێ و لە کام شوێن بکات.

خوشک و برایانی بەڕێز!

ئەوەی من لێرەدا باسی لێوە دەکەم

سەدایەکی ئەو ڕاستەقینە تاڵەش نییە کە ڕۆژانە لەم وڵاتەدا ڕوو دەدات. نکووڵیکردن یا پشتگوێخستنیشی ناتوانێت کێشەکە بەرەو چارەسەر بەرێت، با هەموو لایەکمان پێکەوە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگایەک بکەینەوە و یارمەتیی گەنج و لاوانی بازرەبووی لە دایک و باوک دوورکەوتوو بدەین لەو گێژاوە دوور بکەونەوە کە بەتایبەت لە هەندێ شوێنی وەک بیرمینگهام، هۆڵ، لەستەر، نۆتینگهام و لەندەن تێی کەوتوون. با بە هانای ئەوانەوە بچین کە لە جەرگەی کارەساتەکاندان و بەرگری بکەین لەو گەنجە پاک و بێتاوانانەی وا ڕۆژانە دەگەنە ئەم وڵاتە و بەداخەوە دەکەونە ژێر تەئسیری هەندێک کەس کە دەستیان تێکەڵاوی قاچاغ و ئیعتیاد و دزی و فێڵە.

من داوا لە ڕێکخراوە کوردییەکانی لەندەن وەک مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، کۆمەڵگا و بنکەی ڕاگەیاندن، هەروەها پاشماوەی ڕێکخراوەکان دەکەم لە لەندەن و شارەکانی تر، کە بە یارمەتیی حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و کەسایەتیی خزمەتکار و خۆشناو و بەئەزموونی کورد (و غەیرەکورد) کۆمیتەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ئەو کێشە گرنگە کۆمەڵایەتییە پێکبهێنن و مەسەلەکە بخەنە ژێر چاوەدێریی نزیک. دڵنیام گەلێک ڕێکخراوەی حکوومی بریتانیا وەک پۆلیس و وەزارەتخانە پێوەندیدارەکان بە هانای کۆمیتەکەوە دێن و لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکاندا یارمەتییان دەدەن. تەنانەت بەشی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیایی زانستگەکانیش ئامادە دەبن لە دابینکردنی پسپۆر و شارەزای بوارەکەدا یارمەتیی کۆمیتە کوردییەکە بدەن و دووریش نییە بکرێت پارە و فاندی پێویست بۆ بەردەوامبوونی کاری لێکۆڵینەوە و چاوەدێریی دابین بکرێت.

من دامەزراندنی ئەم باسەم بە واجبی کیفائی زانی و برینەکەم کردەوە، ئیتر ئەرکی خەڵکانی ترە بە هانای کارەکەوە بێن و ڕێبازی بۆ بدۆزنەوە. با خەڵکانی شارەزای ئەم بوارە لە ژمارەکانی داهاتووی «مەڵبەند»دا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن و هەمووان پێکەوە لە بیری دۆزینەوەی ڕێگاچارەی مەسەلەکدا بین. با ئەو مەسەلە گرنگە نەخەینە پشتگوێ و بە یارمەتیی هەموو لایەک بە گژیدا بچین. ئێمە هەموو لایەکمان منداڵ و برا و کەسوکاری دیکەمان هەن کە دوور نییە پڕیشکی ئەو چەپەڵییانە لەوانیش بپرژێت و "ئاگرەسوورە لە من دوورە" لێمان نزیک بێتەوە.

به هیوای ئەوەی هەموومان هەست بە بەرپرسیاریی بکەین و بەدەنگ کێشەکەوە بێین.

# گوڵەوەچنی

## کەللەیەکی باش

"ئەوە بەتەنیا بەس نییە کە کەللەیەکی (عەقڵێکی) باشت هەبێت، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە، کە چۆن ئەو کەللەیە بە کار دەهێنیت."

*ڕێنێ دێسکارتس، ١٥٩٦-١٦٥٠، بەشی یەکەم لە کتێبی «دەربارەی مێتود» ساڵی ١٦٣٧، «چەند تێکستێکی فەلسەفی» بە نەرویجی، کۆکردنەوەی «هێلگە سڤارە»، پەخشی پاکس، ١٩٩٨ ئوسلۆ.*

## تا قوتابخانە وەستابێت، مزگەوت حەرامە

"بۆچی کاتێک مزگەوت نۆژەن دەکرێتەوە هاووڵاتان بە ڕاکردن فەرش و کەلوپەلی بۆ دەبەن، ئەی بۆ بۆ قوتابخانەی ناهێنن کە جێگای فێرکردنی منداڵەکانیانە؟"

*قەرەنی ئەسوەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر، هەفتەنامەی میدیا، ژمار ٢١٥، لاپەڕە٣*"

## سەرزەمینی خۆر

"پێم نەگووتی تەنها مەڕۆ شەو بۆسەی ناوەتەوە!

له سیمای ئەو ئازادەدا که غەم له تەوێڵی نیشتوە

پێم نەگووتی لەگەڵمدا وەرە تا وڵاتی خۆر!

کە ڕەنگی غەم لە باڵای ئەم وڵاتە نیشتوە"

*کۆپلەی یەکەم لە تێکستی گۆرانییەکی «داریوش»*

## ئەگەر قسەکردن زیو بێت، بێدەنگی زێڕە!

"٢٦ لە کۆی ٧٧ لە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان، لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقدا، تائێستا یەک قسەیان لە کۆبوونەوەکاندا نەکردووە."

*میدیا*، ژ٢١٣، *ل*١، ٢٠٠٥/١٠/١٨

## دڵداری و ڕۆمان

"دڵداری، گەلێ زیاتر لە هاوسەرێتی، کامەرانترمان دەکات. هەروەک چۆن ڕۆمان گەلێ لە ڕاستی بەچێژترە!"

نیکۆلاس سێباستیان ڕۆچ دی چامفۆرت، ١٧٤١-١٧٩٤، نووسەرێکی فەرەنسایی.

*ڕۆژنامەی دگبلادە، ٢٠٠٥/١١/١٤، ل٢٣، ئوسلۆ، نەرویج*

## ئازادی

"ئەگەرچی مرۆڤ مەحکومە بەوەی کە خۆی هەر بۆ خۆی بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەتەنیا هەر بیر لە خۆی بکاتەوە!"

*ئەینار ئۆڤرینگە، لە کتێبی «بوون»، ل٥٣، ساڵی ٢٠٠٣، پەخشی کاگگە، ئوسلۆ، نەرویج*

# دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی تورکیا، لە ناتۆوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم

**بەشی دووەم و کۆتایی**

## پەیوەندی تورکیا بە وڵاتانی سۆڤیەتی کۆنەوە:

بەگوێرەی سوپەرهێزی دووەمەوە، (شێواوی) سیستەمی دەوڵەتەکە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەڕێوەبردنی خۆیی خەڵکەکە، ئیمپراتۆریەتیی سۆڤیەتی وەکو نەخۆشێکی سەرەمەرگ لێ کردبوو، کە پەنجەت بۆ هەر کوێی درێژ بکردایە، بڤە و ئێشان و نوزەی لێ هەڵدەستا. نەخۆشییەکان دێرینە بوون، سەرکوتکردن و نەبوونی ئازادی هێزە بە دەرخۆنەیانی کردبوو. لەگەڵ هاتنی «گەرباچۆڤ» و ڕووداوی [چرنۆبل] ئیتر بوار نەما بۆ شاردنەوە و پەردە لەسەر دانان.


لە دوایین دەیەی مێژووی سۆڤیەتی خۆ بە کۆمۆنیست زان، وەک دواین کێو و قەڵاتی ئۆردووگای سوشیالیت و سیستەمی سۆشیالیستی، زنجیرەیەک دیاردەی ترسناک گەیشتبوونە چڵەپۆپەی باڵقبون و دەستەویەخە بوون لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئاکام و دوارۆژی سۆڤیەت و سیستەمەکەی، کە هەرە گرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

ئا: خەستبوونی ڕۆڵ و کۆنترۆڵی بیروکراتیەتی حیزبی و ئەمنی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەتی لە بواری کەرتە ئابوورییەکانی وڵاتەکە، بە شێوەیەک کە بووبووە سەرکوتکەر و ڕێگری هەر بۆچوونێکی داهێنانەی نوێ و هەر جووڵانەوەیەکی تازەباوی خزمەتگوزاری.

ب: تێکچڕژانی ناقۆڵای پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بێ سەروبەر، لە سەرجەم کەرتە ئابوورییەکانی کۆمارەکانی سۆڤیەت. بووبووە خەسڵەتی سەرەکی هەر هەموو پەیوەندییە ئابووریە ـ کۆمەڵایەتییەکان.

پ: لەبەر زۆربوونی خەسڵەتی درێویی سیاسییەکان، بەتایبەتی لەناو سەرخانی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت. هەر هەموو خەڵکانی ژێرخانی کۆمارەکانی سۆڤیەت گەیشتبوونە ئەوپەڕی حاڵەتی بێباوەڕی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی ـ بەتایبەتی لە کۆڵخۆز و سۆفخۆزەکاندا، کە لە ساڵانی سەرەتای دەوڵەتی بۆلشەویدا بناغەی سەرەکیی ئابووری وڵاتەکە بوون.

ت: زۆربەی هەرە زۆری بنکە ئابوورییەکان



**سەربەست کەرکووکی**

ـ بەتایبەتی لە کەرتی پیشەسازیدا، لە کۆنیدا پووچ و بێبەرهەم بووبوون. هەروەها نەبوون یا کزیی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە بوارەکانی بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی، هاتوچوو و میدیا و پرۆپاگەندەدا، لاوازی و سەقەتی و بێبرەوی و دواکەوتویی هەموو ئەو بوارانەی زەقتر و ئاشکراتر کردبۆوە.

ج: ئەمانەش بەگشتی بووبوونە هۆی کەمیی بەرهەم و نەبوونی یا کەمیی خۆراک و پۆشاک و پێویستییە گرنگەکانی ڕۆژانە لە بازاڕەکاندا.

چ: خۆپیشاندانەکان دژ بە حوکمڕانیی تاکحیزب، هەروەها داوای ئازادی و سەربەخۆیی سەندیکاکانی کرێکاری و جووتیاران، بووبوونە دیاردەی ڕۆژانەی گۆڕەپان و شەقامەکانی مۆسکۆ و شارە گەورەکانی ڕووسیا.

ح: لەپاش کارەساتی «چرنۆبل» ترسی پەرەسەندنی کێشە و چەڵەمەکانی ژینگە و دەوروبەر، بووبوە خولیایەکی ترسناک بۆ هەست و هۆشی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی سۆڤیەت، لە کۆتایی ساڵانی سۆڤیەتدا، مەترسییەکان پەرەیان سەند و بووبوونە سەرەتای دروستبوونی دەیان گرووپی سیاسی بەناو ژینگە، وەکو: "کۆمەڵی لەپێناوی ژیان ـ لە جۆرجیا، گرووپی باوەڕ بە سەرۆکایەتی زانیاری ناسراو ئەندریە زاخارۆف، کۆمەڵەکانی ئیکۆلۆژی لە کۆمارەکانی ئۆکرانیا، ئۆزبەکستان، ئەرمینیا و ئازەربایجان و...تاد"

خ: لەناو خودی مۆسکۆ و شارەکانی ڕووسیادا، چەند دیاردەیەکی لەیەکنەچووی دژە ئامانج، ئاڵۆزییەکی تەواویان لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سۆڤیەت بەرپا کردبوو، کە هەر هەموو پێکەوە بووبوونە هۆی شێواندنی مەبەستەکانی «گۆرباچۆڤ» و ئاراستەکردنیان بەرەو ئاکامێک، کە مەبەستی پرۆژە و پلانی گەرباچۆڤ نەبوو، ئەویش ڕووخاندن و نەمانی سۆڤیەت بوو. دیاردەکانیش بەگشتی ئەمانە بوون:

١- دژایەتیکردنی گلاسنۆست و پێرۆسترۆیکای گەرباچۆڤ لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری لایەنگرانی تێزی ستالینیزم و موحافیزکارانی پارتیی کۆمۆنیستی ڕووسیا،

٢- دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕاسترەوی پامیات (PAMIAT)ی ڕاسترەوی ڕووس، پەرەسەندنی هەستی شۆڤێنیستانەی سلاڤییەکانی ڕووسیا و سەرهەڵدانی بیر و بۆچوون و کاری دژایەتیکردنی مارکسیەت و بیانی و جووەکان،

٣- بە شێوەیەکی بەپەلە تەشەنەکردن و زیندووبوونەوەی هەستی ئایینی و مەسیحیەتیی ئەرسەدۆکسی لە سەرانسەری کۆمارە ئەوروپاییەکانی سۆڤیەتدا،

د: وەکو ئاکامی شێوانی سەرجەمی بارە سیاسی و ئابوورییەکانی سۆڤیەت، پارتە کۆمۆنیستە فەرعییەکانی یەک لە دوای یەک لە کۆمۆنیستی کرملین جیا بوونەوە، کە سەرەتاکانی لە کۆمارەکانی دەریای بەلتیقەوە دەستی پێکرد:

ـ جیابوونەوەی پارتیی کۆمۆنیستی لیتوانیا لە ١٨/٥/١٩٨٩دا

ـ جیابوونەوەی پارتی کۆمۆنیستی لاتڤیا لە ٢٧/٧/١٩٨٩دا

ـ جیابوونەوەی پارتی کۆمۆنیستی ئەستۆنیا لە ١٦/١١/١٩٨٩دا

ر: لە پێش ئەوەشدا لە سەرتاسەری کۆمارەکانی سۆڤیەتدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کەوتە جەمان و هەر



ئەنوەر سادات



ئیلیا عیزەتبەگۆڤیچ



حافز ئەلئەسەد

کۆمارێک و سەردەستەیەکی تێدا دروست بووبوو، بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەی ئازادییە،

ــ بەرەی سایودس (SAUDIS) بۆ ڕزگارکردنی کۆماری لیتوانیا کە لە ٣/٦/١٩٨٨دا دامەزرێنرابوو.

ـ بەرەی گەلیی لە کۆماری لاتڤیا، بۆ پشتیوانی کردنی جموجووڵی ڕزگاریخوازیی لاتڤیا کە لە ٨/١٠/١٩٨٨دا هاتە ئاراوە.

ـ بەرەی گەلیی [بیلوروسیا] کە لە ١٩/١٠/١٩٨٨دا دامەزێنرابوو.

ـ کۆمیتەی یەکگرتووی بەرە گەلییەکانی کۆمارەکانی سەر دەریای بەلتیق، ئاداری ١٩٨٩

ـ بەرەی گەلیی لە کۆماری ئۆکرانیا، ١٩٨٩/٩/٩

ـ بەرەی گەلیی لە کۆماری ئازەربایجان، ١٩٨٩/٧/١٦

ـ بەرەی گەلی لە کۆماری ئۆزبەکستان «برلک»، مانگی حەوتی ١٩٨٩

هەموو ئەم خاڵ و فاکتەرانە: ئەو دەرد و نەخۆشییانە بوون کە تووشی سۆڤیەت بووبوون و لەدواییشدا بوون بە هۆی لەیەکترازانی ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەی کە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا لەسەر دەستی «لینین» دامەزرێنرابوو.

لەپاش ڕووخانی سۆڤیەت، سەربەخۆیی کۆمارەکانی، بەتایبەتی کۆمارەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست، تورکیا چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ئەمریکا تیشکی سەوزی بۆ پێ بکات، بۆ ئەوەی ببێتە سەردەستە و پێشەنگی پلانەکانی ئەمریکا و ناتۆ لە سەرجەمی ئەو کۆمارە تازانەدا.

هەروەها کۆمارە تازەکانیش لەسەرەتادا، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، دەوڵەتێکی وەکو تورکیا هاوکار و یارمەتیدەریان بێت:

ئا: ناتوانایی و کورت ئاسۆیی لە بینینی دوورتر لە تورکیا بۆ هاوپەیوەندیی سیاسی و ئابووری.

ب: لەبەر توندوتۆڵی مێژووی هاوپەیوەندیی تورکیا بە ئەمریکاوە، ئەو کۆمارە تازانە تورکیایان بە تەنیا دەوڵەتی ئیسلامی دەزانی کە سیستەمەکەی لەلای ڕۆژئاوا ــ بەتایبەتی ئەمریکا ـ مەقبول بێت و لە ناوچەکەدا وەکو دەلاڵ و موختاری ئەمریکاش بێت.

پ: چونکە بزووتنەوە سەبەخۆییەکان، خۆیانیان بە ڕەددانەوەیەکی یەکسەرەی ئۆردووگای سۆشیالیستی دەزانی و مەبەستیان دامەزراندنی سیستەمی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی بوو، بۆیە لایان وابوو کە دەتوانن بە ڕێگەی نزیکترین دەوڵەتەوە ـ کە مێژوویەکی هەبووە لە پرۆسەی جەنگی ساردا، مەبەست تورکیایە ـ بتوانن بە زووترین کات هاوپەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوای دیموکراتیخواز ببەستن.

بۆیە هەر لە مانگی ١٢ی ١٩٩١ەوە، سەرۆکە دیموکراتخوازە کۆنە شیوعییەکانی ئەو کۆمارە تازانە، یەک لە دوای یەک بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و لە نزیکەوە بینینی بوارەکانی مۆدێلی تورکیا، پەیتا پەیتا سەردانی ئەنقەرەیان دەکرد. سەرەتا سەرۆکی ئۆزبەگستان «ئیسماعیل کەریمۆف» سەردانی ئەنقەرەی کرد و لەپاش چەندین دیداری لەگەڵ کاربەدەستانی هەرە باڵای تورکیا، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند کە: "من بە هەموو جیهان دەڵێم کە وڵاتەکەم بە ڕێگەی تورکیاوە بەرەوپێشەوە دەڕوات...، ئێمە ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژاردووە و ناگەڕێنە دواوە."


هەرچەند هەفتەیەکیش پاش ئەو، «نور سوڵتان نەزاربابییف»ی سەرۆکی کازاخستان بە ڕۆژنامەنووسانی گوتبوو: "ئێمە دەمانەوێت پەیڕەوی بازاڕی ئازاد بکەین، تەنیا مۆدێل کە ئێمە هەمانە مۆدیلی تورکیایە، عیلمانیەتی تورکی مۆدێلێکە بۆ ئێمە باشە."

لە وەڵامی ئەم سەردان و هامشۆیانە، بۆ جێبەجێکردنی پلانە دێرینەکانی تۆرانیەت، دیپلۆماسیەتی تورکی دەستپێشکەری خۆی کرد، یەکەم دەوڵەت بوو کە دانی نا بە کۆماری نوێ و سەربەخۆی ئازەربایجان.

تورکیا لەم بابەتەدا، بەتەواوەتی کەوتە دوای خەونی دێرینەی خۆی، بۆیە بە زووترین کات کۆمارە تازە تورک زمانەکانی وەکو ـ ئازەربایجان و تورکمەنستان ــی بەرەو ئەم مەبەستە ئاراستە کرد، کە بە ڕێگەی تورکیاوە، بە ڕاوێژی تورکیا و بەپێی پلانی تورکیا، بە زووترین کات خۆیان بە جیهانی ئەمدیوی تورکیا بناسێنن، تا بکرێت بەلەز دامودەسگای ئیداری و ئابووریی خۆیان تازە بکەنەوە و بۆ ئەم کارەش پەیوەندی بکەن بە سندووقی نێونەتەوەیی دراوەوە (INTERNATIONAL MONETARY FUND) بۆ وەرگرتنی قەرز و سوودبینین لە کۆمەک و ڕاوێژیان.

لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا تورکیا، لەنێوان مانگی ١٢ی ١٩٩١ـەوە تا مانگی ٢ی ١٩٩٢، واتە لە ماوەی دوو مانگدا، توانی ڕێکەوتنی ئابووری و کولتووری لەگەڵ کۆمارەکانی ئازەربایجان ببەستێت. هەر لەو ماوەیەشدا دەوڵەتی تورکیا سەتەلایتی تایبەتی بۆ ئەو کۆمارانە بە ناوی (AVRASYA) دانا.

هەروەها بانکێکی تایبەتی دامەزراند بۆ یارمەتیدان و قەرزدان بەو کۆمارە تازانە بە ناوی (TURKIA EXIM BANKASI)، لەمەدا تورکیا مەبەستی بوو، کە سەرمایەگوزارییەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بە ڕێگەی ئەو بانکەوە ــ واتە بە ڕێگەی تورکیاوە ــ بچنە ناو بازاڕی فراوان و تازەی ئەو شەش کۆمارە تازانەوە.



بەنداوی ئەتاتورک



بەنداوی ئەتاتورک

شایانی باسە جگە لەوەی سەرمایەدارانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵات ئەوەندە گەمژە نەبوون، کە بە ڕێگەی تورکیاوە بچنە ناو ئەو بازاڕە تازانەوە. بەڵام کێشە و ڕووداوەکانی [ناگۆرنا- قەرەباغ]ی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان فاکتەری سەرەکی بوون لە دانانی تاوێری ڕێگر بەرانبەر بە هێنان و بردن و هاتوچۆی ئابووریی تورکیا و ئەو کۆمارانەی ئاسیای ناوەڕاست.
هەروەها بووە هۆی دامرکانی هەڵپەهەڵپی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی پلانی ڕاکێشانی بۆریی گاز و نەوت لە کازاخستان و ئازەربایجانەوە تا [یومورتالیک]ی سەر زەریای سپی.
لەو ماوەیەدا، دەوڵەتێکی وەکو ئێران هەوڵێکی بێ پایانی دیپلۆماسی دا، کە لەو کۆمارانەدا جێ پێی تورکیا بگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا براوەیی کێبەرکێی ئابووری و هاوپەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئەو کۆمارانەدا، نە بەر تورکیا و نە بەر ئێران کەوت. بەڵکو بار و سیستەمی سیاسیی کۆمارەکان بەرەو دیموکراتیەتێکی تایبەت هەنگاویان نا، وەکو باری کۆمەڵایەتیش بەرەو کۆمەڵگاکانی ئیسلامی، وەکو هاوپەیوەندیی ئابووریش هەر لە ژێر ڕکێفی ڕووسیادا مانەوە.

## تورکیا و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لە ناوچەی بەڵقاندا:


لەپاش نەمانی جەنگی سارد، یەکێک لە فاکتە گرنگەکان کە کاریگەریان دانا لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەت و پەیوەندیی دەرەوەی تورکیا، وردە وردە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی یۆگۆسلاڤیا بوو. نەمانی هەڕەشە و گوڕەشەی بلۆکی شەرقی لە ناوچەی بەڵقاندا، هۆیەکی گرنگی هاندەر بوو بۆ بەرجەستەکردن و ئاراستەکردنی دیپلۆماسیەتی تورکیا بەرەو مەیدانێکی نوێ. چونکە تورکیا لە ساڵانی جەنگی سارددا هاوپەیوەندییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ سەرجەمی ناوچەی بەڵقاندا.
بۆیە بۆ بەدواچوونی ئەم بابەتانەی خوارەوە، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی تورکیا لەو ناوچانەدا بە گوڕ زیندوو کرانەوە:
١- لەو ناوچانەدا کۆمەڵێ موسڵمان و تورک دەژیان کە هەر هەموویان پاشماوەی حوکمڕانیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلین لە سەدەی پانزدەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٤، لەو ناوچانەدا بەپێی سەرژمێری و تەخمینی ئامارەکان لە ١٩٩٢دا ژمارەی تورک و موسڵمانەکان بەم شێوەیە بوون:
ـ لە ناوچەی [سەنجق]ی نێوان [سربیا و مۆنتینێگرۆ] دووسەد هەزار موسڵمان.
ـ لە ناوچەی [کۆسۆڤۆ] نزیکەی دوو ملیۆن موسڵمان.
ـ لە ناوچەی [مەکەدۆنیا] پێنجسەد هەزار موسڵمان کە لە ٢٠٪ی تورکن.
ـ لە وڵاتی ئەلبانیا نزیکەی دوو ملیۆن و نیو موسڵمان.
ـ لە وڵاتی بولگاریا نزیکەی یەک ملیۆن موسڵمان.
ـ لە وڵاتی ڕۆمانیا نزیکەی دووسەد هەزار تورک.
ـ لە ناوچەی [تراکیا]ی یۆنانستان نزیکەی یەک ملیۆن تورک.
٢- هەوڵی ڕەتدانەوەی هەڵوێستی یۆنان سەبارەت بە ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی ناوچەکانی بەڵقان، بەتایبەتی کوشت و کوشتارەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی یۆگۆسلاڤیای کۆن و چاودێریکردنی ڕۆڵ و پلانەکانی یۆنانستان بەرانبەر بە ناوچەکە و موسڵمانان ـ تورکەکان.
بەپێی بۆچوونی لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان، بەتایبەتی یەکێکی وەکو [تانۆس ڤەرامشی]، یۆنانیش لەلای خۆیەوە بەجدی لەوە دەترسا تورکیا لە پلانی ئەوەدا بێت کە لەو ناوچەیەدا دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسلامی چێ بکات و یۆنان بکرێتە نێو فاقەی نێوان دوو یا چەند دەوڵەتێکی ئیسلامییەوە!
بەڵام لەبەر کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا و مەترسیی لە ئاکامەکانی شەڕی خەلیجی دووەم، بەتایبەتی مەترسیی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی باشوور، تورکیا نەیتوانی زۆر بەپەلە خۆی بهاوێتە ناو کاروبارەکان و هاوپەیوەندی دروستکردنی بەهێز، لەگەڵ ئەو دەوڵەتە تازانە. بۆیە لە داننانی بە دەوڵەتانی وەکو [کراواتیا، سلۆڤانیا، بۆسنیا و مەکەدۆنیا] زۆر دواکەوت!
بەڵام پاشان چەند هۆیەکی گرنگی وەکو ئەمانەی خوارەوە، تورکیایان هان دا کە ئامادەیی هەبێت، ڕۆڵی گەورەتر لەو ناوچەیەدا یاری بکات:
ـ بەهێزی داوای گشتیی جەماوەری ڕاسترەو و نەتەوەپەرستی تورکی، لەوەی دەبێت تورکیا ڕۆڵی مەزنی هەبێت لە پاراستنی تورکەکانی ناوچەی بەڵقان.
ـ بەدواکەوتن و وەڵامدانەوەی داوای دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ـ ناتۆ بەتایبەتی ـ لەوەی کە تورکیا و لەشکری تورکی، دەبێت ڕۆڵێک ببینێت لەو ناوچانەدا.
ـ داوای جەماوەری ئیسلام، لە وڵاتانی ئیسلامیی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک بۆ ڕاگرتن و بەربەستکردنی هێرشەکانی جینۆسایدی موسڵمانانی بۆسنیا لەلایەن سربییەکانەوە.
تورکیاش وەکو وڵاتێکی ئیسلامی سەر بە ناتۆ، کە خۆی بە نوێنەری (ISMLAMIC CONFERNECE ORGANISATION - ICO) و موسڵمانان دەزانی، توانی هەوڵی دیپلۆماسیی خۆی بخاتە گەڕ و هەروەها جۆرە ڕۆڵێکی عەسکەری ببینێت لە پاراستنی ئاشتی و بەربەستکردنی جینۆسایدی موسڵمانان لە بۆسنیادا.
شایانی باسە لەو ساڵانەدا ١٩٩٢، تورکیا سەرۆکایەتیی (ICO)ی دەکرد و زۆربەی کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی ئەو ڕێکخراوە موسڵمانە لە ئەستەنبوڵدا دەکران.
لەپاش ئەو ساڵەوە، دەکرێت بڵێین کە پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ سەرجەمی وڵاتانی کۆن و نوێی بەڵقان توندوتۆڵتر بووبوو و دیپلۆماسیەتی تورکی لەو ناوچانەدا بە خەستی سەرقاڵی چالاکیی سیاسیی فراوانتر بوو.
بێجگە لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی خوارووی بەڵقان، تورکیا لە هەمان ساڵدا توانی چەندین پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ وڵاتانی تری

ناوچەکە مۆر بکات:
ـ لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩١، ڕێککەوتننامەی سۆفیا، لەگەڵ حکوومەتی بولگاریا بۆ پەرەپێدانی پلانە ئەمنی و عەسکەرییەکانی هەردوو وڵاتەکە.
ـ لە مانگی ٢ی ١٩٩٢دا، ڕێککەوتننامەی تەکنیکی، زانستی و ڕاهێنانی مەیدانی و هاوکاریی عەسکەری لەگەڵ ڕۆمانیا.
ـ لە کۆتایی مانگی ٢ی هەمان ساڵدا، ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری و هاوسێیەتیی چاک لەگەڵ حکوومەتی ڕۆمانیا.
ـ لە مانگی ٦ی ١٩٩٢دا، دەمیرال لە سەردانی بۆ (تیرانا)ی پایتەخت، ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەلبانیا مۆر کرد.

ب: جیاوازی بەرژەوەندیی ئابووری و بۆچوونی هەردوولا سەبارەت بە پلانەکانی بۆرییە نەوت و گازەکانی کۆمارە تازەکان.
پ: جیاوازی بۆچوونی سیاسی و نەژادی و ئایینی هەردوو لا، بەرانبەر بە ئاکام و دواڕۆژی کێشەکانی ناوچەی بەڵقان، بەتایبەتی کێشەی بۆسنیا.
ت: جیاوازیی بەرژەوەندیی جیوسیاسی هەردوو لا، لە سەرتاپای کێشەی (نۆگۆرنۆ ـ قەرەباغ)ی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا. نیازی تورکیا بۆ پێشاندانی لایەنگریی عەسکەری بۆ ئازەرەکان و پاشان هەڕەشەی بەرپاکردنی جەنگی جیهانیی سێیەم، ئەگەر تورکەکان دەخالەتی عەسکەری بکەن لەو کێشەیەدا!
ج: بەرزبوونەوەی هەست و گرژبوونەوەی

جگە لەو بنەمایانە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەر هەموو ئەو وڵاتە عەرەبییانەش دەگرێتە خۆ کە لە پێشوودا ناومان هێناون، دوو بنەما هەبوون زۆر کاریگەر بوون بۆ ئەم هاوپەیوەندییانە ـ کە مەسەلەی کورد و مەسەلەی ئاوی فورات بوون.
لە مێژووی کلاسیکی بیری سیاسی دەوڵەتی تورکیا و ئایدیۆلۆژیای تورکیزم، کە دەکرێت بڵێین نزیکەی ٨٠–٨٥ ساڵە بە شێوازێکی سیستماتیکیی دەوڵەتی، لە بیر و بۆچوون و مێشکی تورکیدا کەڵەکەی بەستووە. فاکتەری هەستکردن بە مەترسی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، بەرانبەر دواڕۆژی نەتەوەی کورد، فاکتەرێکی سەرەکی و پروپاگەندەکارە!


نورسوڵتان


یەلتسین


چیرنۆفسکی

بە شێوەیەکی گشتی لەپاش جەنگی سارد و نەمانی ئۆردووگای ڕۆژهەڵات (شەرقی) و دامەزراندنی دەیان کۆمار یا دەوڵەتی سەربەخۆ چ لە ناوەڕاستی ئاسیا و چ لە ناوچەی بەڵقاندا. مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو قەناعەتەی کە حکوومەتی تورکیا [ئۆزەل+دەمیرال] تا ڕادەیەکی باش توانیان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیای تازە، بە شێوازی ئاسایی ڕابگرن. بەڵام هەندێ هۆ و ڕووداو و هەروەها بۆچوونی سیاسی تا ڕادەیەک گرژی خستبووە ناو هاوپەیوەندیی تورکیا لەگەڵ مۆسکۆدا، کە دەکرێت لەم نووسینەدا ئاماژەیەکی کورت بە هەندێکیان بدرێت:
ئا: هەوڵی ئیستیعماری ڕووسی بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندییە کۆنەکانی لە سەرجەمی ئەو کۆمارە تازانەی ئاسیای ناوەڕاست، کە بۆ ماوەیەک تورکیا چ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و چ بۆ جێبەجێکردنی خەونی تۆرانیەت، لەو ناوانەدا ڕۆڵی دەبینی، بەتایبەت لە کۆمارە تورک زمانەکاندا.

بۆچوونی نەتەوەپەرستی و سەرهەڵدانی دیاردەی حیزبی لیبرال دیموکراتی ڕووسی (مانگی ١٢ی ١٩٩٣) بە سەرۆکایەتیی ڤلادیمیر چیرنۆفیسکی لە ڕووسیادا. بەرانبەر بەوەش تەشەنەکردنی هەست و بۆچوونی خەڵتەی فاشیستی تورکی لەگەڵ هەست و بۆچوونی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا، ئەمانە هەریەکە و پێکەوە کاریگەرییەکی گرنگیان هەبوو لەسەر گرژکردنەوە و ئاڵۆزکردنەوەی زیاتری پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتەکە.

## تورکیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

بە شێوەیەکی گشتی تورکیا لە مێژووی دیپلۆماسیەتی خۆیدا، هەمیشە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوپەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا لەسەر ئەو پێنج بنەمایانە دامەزراندووە کە لە لاپەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کردوون.

ئەوان، دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئیتر هەڵگری هەر چ جۆر و شێوازێکی ئایدیۆلۆژیایی و حوکمڕانیی دەوڵەتی بن، لە ڕوانگەیەکی زۆر کورتبیندا دەڕواننە بواری ئازادیدان بە کورد، یا هەبوونی ئازادی بۆ گەلی کورد.
ئەوان بچووکترین ئازادی بۆ نەتەوەی کورد، هەتا ئەگەر بە سەدان فەرسەخیش دووری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، هەر بە مەترسیترین فاکتەری دژی ستراتیژی ئەمنیی دەوڵەتی تورکیای کەمالی دەزانن و بە ماکی جووڵێنەر و شێواندنی باری ئێستای تورکیای دەوڵەت و تورکیای سنوور دێتە بەر چاویان. لەوەش زیاتر هاتنەکایەی هەر سیستەمێکی دیموکراتیی ڕاستەقینە لە هەر وڵاتێکدا کە بەشێکی کوردستانی خاک و نەتەوەی پێوە لکێنراوە، بە بڤە و بە خەتەر دەزانن.
بۆیە پێوانەی سەرەکیی تورکیا بۆ نزیکبوونەوە لەم وڵات و دوورکەوتنەوە لەوی تریان ـ زیاتر مەبەست سوریا، عیراق و ئێرانە ـ تەنیا ئامادەیی ئەو دەوڵەتانەیە بۆ لێدانی کورد و بزووتنەوەی سیاسی و عەسکەری کورد، یان نزیکبوون و کۆمەک و



سەرۆکە تورکەکان



چەند پێشمەرگەیەکی پ.ک.ک.

یارمەتیی ئەو دەوڵەتانەیە بۆ گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی!
ئەمانە، بەگشتی چەند ڕاستییەکن کە هیچ کوردێکی بەئاگایان لێ بێ خەبەر نییە، بەڵام بەداخەوە بێخەبەریی ئاگادارانی کورد تەنیا لەوەدایە کە زۆر جار دژایەتیکردنی سیستەمی سیاسی و عەسکەریی تورک بەرانبەر بە گەلی کورد، بچووک دەکەنەوە و بە دژایەتیکردنی تورک بۆ ئەم حیزب و یا ئەو گرووپی سیاسیی کوردی لە قەڵەم دەدەن! خوێندنەوەیان زۆر جار بە ئاراستەی ئەو ڕاستییە دەرناچێت، کە تورکیا، تورکیای ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، دژ بە ویست و بۆچوونەکانی کوردە وەکو نەتەوە، وەکو نەتەوەیەکی خاوەن مافی ڕەوای خۆی ـ کە هەتا دەکرێت بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیش تەواو ببێت ـ.
تورکیا لەپاش نەمانی بلۆکی شەرقی و بەتایبەتی لەپاش شەڕی دووەمی کەنداو، بۆ هەر جموجووڵێکی دیپلۆماسی و بۆ هەر هاوپەیوەندییەکی لەگەڵ سوریا و ئێران، ئەم خاڵانەی کردۆتە فاکتەری سەرەکی و پێوانەی هەر کارێکی:
١- مەسەلەی پارتیی کرێکارانی کوردستان، هەبوون و هاوپەیوەندییەکانی ئەو پارتییە لە سوریا، لە ئێران و لە باشووری کوردستاندا.
٢- دامەزراندنی دەسەڵاتی (DeFacto) لە کوردستانی باشووردا، تورکیا ئەم دەسەڵاتە کوردییە بە بەتاڵیی دەسەڵات لە قەڵەم دەدات.
لەمەشدا تورکیا پێی وایە کە:
ـ تەنیا دەسەڵاتی مەرکەزی ـ دەسەڵاتی حکوومەتی بەغدا، واتا گێڕانەوەی دەسەڵات و هێزی حکوومەتی بەغدا، دەتوانێت سنووری تورکیا و عیراق بپارێزێت.
ـ پێی وایە کە دەسەڵاتی کوردستانی باشوور کە دەسەڵاتێکی کوردییە، چاوپۆشی دەکات لە جموجووڵی عەسکەریی پارتیی کرێکارانی کوردستان، لە بەکارهێنانی ناوچەی بادینانی هاوسنووری تورکیا بۆ هێرشبردنە سەر ئەمنی دەوڵەتی تورکیا!

٣- پێی وایە کە مانەوە و بەردەوامیی ئەم دەسەڵاتە کوردییە، کوردستانی باشوور بەرەو چوار بەرزبوونەوە و نەشونما دەبات:
ـ وردە وردە خەڵکی کورد فێری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی و ئیداری و ئابووریی دەوڵەت دەکات و ئەمەیش زیاتر هەستی خۆبوونیان تێیدا بەرز دەکاتەوە و دەبێتە بنەما بۆ ویست و داخوازیی زیاتر.
ـ بارودۆخ و کەشوهەوایەکی ئازاد دروست دەکات بۆ کەسایەتیی کورد، کە لەگەڵ زەمەندا دەبێتە هۆی ئەستووربوونی هەستی ڕەفزکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی، واتە دەسەڵاتی نەتەوەی زاڵ.
ـ شێوازێک لە سەربەخۆیی بۆ کوردستانی باشوور [عیراق] دروست دەکات. کە خۆبەخۆ کار دەکاتە سەر هەست و بۆچوونی کوردەکانی تورکیا، لەوەی ئەوانیش زات بکەن و لە هەر بوارێکی شیاودا شوێن پێی کوردی کوردستانی باشوور هەڵگرن.
ـ لەوانەیە وەکو تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو، ببێتە نموونە، نموونەیەکی مەقبوڵ لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا کە بکرێتە نموونەیەک بۆ پشتیوانیکردنی ڕۆژئاوا لە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد و مسۆگەرکردنی مافەکانی لە عیراق و سوریا و ئێران و تورکیادا.
بۆیە هەوڵی سەرەکیی دیپلۆماسیەتی تورکی لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، ئەوە بووە کە:
١- تا پێی کرابێت چ خۆی و چ وڵاتانی دەوروبەر، لەسەر ئەو بیر و بۆچوونەدا بن، کە حاڵەتی نائاسوودەیی، شەڕی براکوژی و ئاژاوە لەنێوان پارتییە سیاسییەکاندا دروست بکەن، بۆیە ساڵانێکی زۆر ڕازی نەبوون لە (ی ن ک) و هەڵوێستی، لەوەی ئامادە نەدەبوو بە گژی پارتیی کرێکاراندا بچێت، ئەوە بوو جگە لە بچووککردنەوەی کاریگەری و ناو و دەنگی، لە ساڵی ١٩٩٥دا بەشدارییەکی ئاشکراشی کرد لە هێرشبردنە سەر ی ن ک، لە سەرتاسەری بەرەکانی شەڕی براکوژیدا.
٢- بە شێوەیەکی دەوری کۆبوونەوەی سێقۆڵی لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی تورکیا و ئێران و سوریا. تا بۆ هەر مەترسییەکی پێشەوەچوونی کێشەی کوردستانی باشوور ئامادە بن، پلانی بەرەنگاری دابنێن و ئامادەی دژەکار بن.
٣- تورکیا وەکو «ئەسپی تەروادە» لە کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک.دا ئامادە بووە و ڕۆڵی تا ڕادەیەک نادۆستانەی بینیوە لە چۆنێتی و لە دانانی خاڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان ـ کۆبوونەوەکانی واشنتن، ئەنقەرە و...تاد.
لە پەیوەندی بە مەسەلەی ئێرانەوە، تورکیا لەم دوا دەیەیەدا هەمیشە ویستویەتی ئێران هۆشدار بکاتەوە کە:
ـ نە گەڕانەوەی هێز و دەسەڵاتی حکوومەتی بەغدا بۆ سەرووی عیراق ـ کوردستانی باشوور ـ، دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، (کە دەکاتە پارچەپارچەبوونی دەوڵەتی عیراق و...)
ـ یارمەتیدانی پارتیی کرێکارانی

**"ئەوان بچووکترین ئازادی بۆ نەتەوەی کورد، هەتا ئەگەر بە سەدان فەرسەخیش دووری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، هەر بە مەترسیترین فاکتەری دژی ستراتیژی ئەمنیی دەوڵەتی تورکیای کەمالی دەزانن و بە ماکی جووڵێنەر و شێواندنی باری ئێستای تورکیای دەوڵەت و تورکیای سنوور دێتە بەر چاویان."**

کوردستان دەبێتە هۆی گرژی و نائاساییکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابووریی ئێران و تورکیا. بۆ ئەم کارەش لەپاش هەوڵێکی زۆر تورکیا توانی لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٣دا پرۆتۆکۆڵێکی ئەمنی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی ئێران مۆر بکات.
هەروەها لەپاش ئەوەشدا لە مانگی ١٢ی ١٩٩٣دا جێگری سەرۆکی ئێرانی «حەسەن حەبیبی» سەردانی ئەنقەرەی کرد و هاوپەیوەندی نێوان تورکیا و ئێرانی پلەیەک زیاتر لە پەیوەندی ئاسایی بەرزتر کرد.
هەر لەو ماوەیەشدا بۆ دانانی ستراتیژێکی ناوچەیی، بۆ ئاراستەکردنی دوارۆژی کوردستانی باشوور بەرەو لایەک کە بێ مەزەڕەت بێت بۆ تورکیا بەتایبەتی و بۆ ناوچەکە بەگشتی، ئەنقەرە توانی ببێتە شوێنی پێشوازیکردن لە چەندین کۆبوونەوەی چوارقۆڵیی نێوان چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، تورکیا، سوریا، عیراق و ئێران.
لەو کۆبوونەوە چوارقۆڵیانەدا کێشەی ئاوی فورات لەنێوان سوریا و تورکیا بووە هۆی:
ئا: ئامادە نەبوونی وەزیری دەرەوەی سوریا بۆ کۆبوونەوەکە.
ب: گەورەبوونی کێشەی ئاو (WATER ISSUE) لەنێوان تورکیا و سوریا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی.
ح: هەروەها بووە هۆی شێواندنی پەیوەندی نێوان سوریا و تورکیا.
د: گەورەبوونی کێشەی چۆنێتی وەستاندنی چالاکی و ناو و دەنگی پارتیی کرێکارانی کوردستانی تورکیا.

## بەرئەنجام:

لە کۆتاییدا، دەکرێت مرۆڤ بەرئەنجامی هەموو ئەو شیکردنەوانە لەم چەند دێرەدا کۆ بکاتەوە:
ئاڕاستەی پەیوەندی و کاری دیپلۆماسی دەوڵەتی تورکیا، لە پێش و هەتا لە پاش جەنگی ساردیشدا، لە چوار تەوەری سەرەکیدا کۆ بووبووەوە:
١- تەوەری پەیوەندی بە رۆژئاوا و ناتۆ و هەوڵی بوون بە ئەندامی (EC).
٢- تەوەری پەیوەندی بە سۆڤیەت و پاشانیش کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و دەوڵەتە سەربەخۆکانی قەوقازەوە.
٣- تەوەری پەیوەندی بە دەوڵەتە تازەکانی ناوچەی بەلقانەوە.
٤- تەوەری پەیوەندی و کاری دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئێران و سوریا و عیراق.
تورکیا، لەگەڵ ئەوەی رەگی ئایینی و شێوازی کولتووریی کۆمەڵایەتی و جۆری ئابووری زیاتر لە هی وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، نزیکە، بەڵام زۆربەی کات هەوڵ و کۆششی



دیمیریل و سەرۆکوەزیرانی بەنگلادیش

دیپلۆماسی بۆ ئەوە بووە کە لە ئەوروپا و ئەمریکا نزیک ببێتەوە.
هەروەها هەمیشە نزیکبوونەوەی ئابووری و دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو ئامرازێکی هەڕەشەکەری، وەڵامدەرەوەی پشتگوێخستن و گرنگینەدانی ئەمریکا و ئەوروپا بە تورکیا، بە کار هێناوە.
واتە مەبەستی سەرەکی ئەو پەیوەندییانە لەلای تورکیا نزیکبوونەوە لە ئەمریکا، سوودبینین لە کۆمەکەکانی ئەمریکا ــ و چوونە ناو (EC) بووە، بۆ وەدەستهێنانی یارمەتی و کۆمەکی مادی لە ئەوروپا.
تورکیا لە مەسەلەی ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی بەرەو کۆمارە سەربەخۆکانی سۆڤیەتی کۆن، لەو خەونەدا بووە کە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی بەڕێوەبردن یان کۆنترۆڵکردن، بیرۆکەی



حەیدەر علییف


ئیمپراتۆریەتی [تۆران]ی کەمالیزم بکاتە واقیع.
تورکیا لە هاوپەیوەندی بەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتیی تورک و تورکنەژادی تێدا بوویێت، دەخالەتی سیاسی و عەسکەریی خۆی قەت بە دەخالەتی کێشەی ناوخۆی ئەو وڵاتانە نەزانیوە، بۆیە لەسەر ئەم جۆرە کێشانە هەردەم لەگەڵ یەکێک لەو وڵاتانە ــ عیراق، ئێران، بولگاریا ـ هاوپەیوەندیی گرژ و کێشەی هەبووە.
تورکیا، هەمیشە گرتنەبەری ئازادیی میللەتی کوردی ــ ئیتر لە هەر کوێدا بوویێت ــ بە ئەرکی ستراتیژی و ئەمنیی خۆی زانیوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر بواری پەیوەندی سیاسی، دیپلۆماسی، عەسکەری، ئەمنی و ئابووری لەگەڵ ئێران، عیراق و سوریا و دەوڵەتەکانی تری ناوچەکە، بەهێزی و لاوازی پەیوەندی تورکیا بەو دەوڵەتانەوە، دروست بەرعەکسی بەهێزی و لاوازی پەیوەندی گەلی کورد بووە بەو وڵاتانەوە!

٢٠٠٣/٩/٩

سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:


- J.F. Brown, _ "Turkey; Back to the Balkans, in Turkey's new Geopolitics" Ed, Graham Fuller & Ian Lesser, Rand study, West view Press, 1993.
- "A proper role for Turkey in Bosnia" the Independent, 8/3/1994.
- "Turkey and The European community, a forum Europe conference, in Palais des Congers – Brussels, 30/31 – 10 – 1991. Ed by Mary Stony & Arlene Redmores .
- Bruce Kuniholm; Turkey and NATO & the Mediterranean" Ed L.Kaplan RC Lawson, Inc 1985.
- Duygu Sezer ," Europe's Eastern Bastion, New Vistas for Turkey" Nato's sixteen constraints Nations", 2/93.
- Bruce Kuniholm "Turkey and the west" foreign Affairs, Spring 1991.
- First Meeting of BECS opens in Ankara, Turkish Daily News, 18/12/1990.
- Turkey in Transition, New Prespection" Irvin .C. Schick & Ertugrul Ahmet Tonak, New York – Oxford University Press, 1987.
- Iran alarm on Turkish plans, The Independent, 28/1/1991.
- Edward Mortimers, "Problem a waiting a solution" Financial Times, 5May 1991.
- "Central Asia looks to Turkey", The Independent, 21/12/1991.
- "Turkey Courts Central Asia Republics" The Time, 5/5/1991.
- Michael.M.Gunter: "The Kurdish problem in Turkey", Middle East Journal, Vol42, No3, Summer1988
– ابعاد ومشكلات السياسه الامنيه التركيه، د. خليل الشقاقى، مجله السياسه الدوليه، العدد ٩٤، اكتوبر ١٩٩٨

# ئەنفال: مێژووی ترسناك، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا



سابیر کۆکەیی

کارەسات و پرۆسەی ئەنفال کارەساتێکی هێند سامناک و دژ بە مرۆڤایەتییە، مرۆڤ هەرچەندە لەسەری بدوێت و بنووسێت هێشتا ناتوانێت وەک خۆی تاوان و ئازارەکانی لە مێژوودا بە وردی وەسف و پێناسە بکات.
دەربڕین و هەڵوێستی من لە گێڕانەوە و باسکردن لە تاوان و شەوەزەنگی ترسناکی ئەنفال، زێتر مەبەست لەسەر کات و ساتی مێژووی ئەنفالە، کە ئەنفال نێوی چییە و لە چییەوە هاتووە!؟
کورتی و کرمانجی بنچینەی نێوی ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە و لە نێوی سورەتی هەشتەمی قورئانەوە وەرگیراوە. ئەنفال مانای تاڵان و دەستکەوت و بڕۆی جەنگ، بە زەبری هێرش و پەلامار و گەمارۆدان، بە مەرجی سەربڕین و قڕکردنی مرۆڤەکان و نەمانی هیچ گیانلەبەرێک، وەک لە نێوچەکانی سەروەختی دەسەڵاتدارێتیی ئیسلام و بەعسییەکانی عیراق، کە بە ئەنفال ئەم کردەوەیەیان ئەنجام دا.
ئاشکرایە بە درێژایی مێژوو کورد بە سەدان جار هێرش و پەلاماری کوشتوبڕی بەکۆمەڵکوژی و تاوان و بڕۆی کراوەتە سەر، بەڵام بە بڕیاری ڕەسمی نێوی ئەنفالیان لێ نەناوە، بۆیە بۆ ئێمەی کورد گرنگە کە بزانین لە مێژوودا دوو کەڕەت، بە بڕیار و ڕێوڕەسمی تایبەت، هێرش و شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر گەل و خاک و نیشتمانمان کراوە.
کەڕەتی یەکەم: پرۆسەی ئەنفال لە سەردەمی هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ سەر کوردستان بە تەکنەلۆژیای شمشێر و تیروکەوان و بەردەقانی ئەنجام دراوە، کە لە ڕووی جوگرافیاییەوە هەمان ئەو نێوچانەی گرتۆتەوە، کە دیسانەوە لە پرۆسەی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨دا بەر شاڵاوی هێرش و ئەنفالی بەعسییەکانی عیراق کەوت. من لێرەدا زێتر دەمەوێت لەسەر مێژووی ئەنفالی کەڕەتی دووەم بدوێم کە بۆ نەمان و لە نێوبردنی سەرجەم خەڵکی باشووری کوردستان بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو!
ڕژێمی بەعسییەکانی عیراق کە سەددامی دیکتاتۆر سەرۆکایەتی دەکرد، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ەوە بە پشتیوانیکردنی دەوڵەتە عەرەبییەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون کە کوردەکانی باشووری کوردستان لە بندەستی ڕژێمی عیراق خۆی بوون، جارێکی دیکە بە هێرشی ئەنفال و تاڵان و بڕۆ، ژینگە و کولتوور و فەرهەنگ و مێژوویان تەفروتوونا بکات.
ئەوە بوو لە مانگی ١٢ی ١٩٨٧دا هێزی سەربازیی وڵاتانی عەرەبی بۆ پشتیوانیکردنی هێزە سەربازییەکانی ڕژێمی عیراق، بە مەبەستی ئەنفالکردنی کورد گەیشتنە نێوچەکانی باشووری کوردستان، کە پێکهاتبوون لە چەکدار و سەربازی فەلەستین، میسر، ئەلجەزائیر، ئوردن، یەمەن، سعودیە و چەند وڵاتێکی تری عەرەبی. هەروەها بە هاوکاریی کوردە ناپاک و خۆفرۆشەکان.
کە بەم شێوەیەی خوارەوە نەخشە و جوگرافیای ئەنفالیان دەستنیشان کردبوو
بنکە و پێگەی سەرەکی ئەنفال لە دۆڵی سورداش، سەر هێڵی دوکان ـ سلێمانی لە ئاستی چیای پیرەمەگرون ساز کرابوو، لە شوێنی ئێستای شارۆچکەی پیرەمەگروون و قەڵای سووسێ، کە پێنج هەزار سەربازی مەشقپێکراوی لێ سەقامگیر کردبوو.
هەروەها ٢٥ ڕاجیمەی جۆری هەشتامووشەکی و چلمووشەکییان لێ ئامادە کردبوو. ٨٠ دەببابە و چەند زرێپۆشێک، کە ئەمانە هەندێکیان پیشەسازیی ڕووسی و بەرازیلی بوون. هەروەها بە دەیان تۆپی ١٧٥ ملیم، ١٥٧ ملیمی نەمساوی و دۆشکای چوارلوولە، لە جۆری ١٤ ملیم و ١٢ ملیم، بە هەزاران تەن قومبەلەی ژەهری کیمیاوییان لە قەڵای سووسێ باروتخانە کردبوو.
ئەمە یەکەمین بنکەی سەرەکیی ئەنفالچییەکان بوو، کە لە دوو سەری سەربازگاکەوە، دوو مزگەوتی گەورەی سەفەرییان بە تەختە و جەمەلۆن لێ دروست کردبوو، کە بە دەنگی بڵندگۆی گەورە سورەتی ئەنفالیان لێ دەخوێندەوە.
بە درێژایی هێڵی دوکان ـ سلێمانی تا قەڵادزێ سەربازگاکانی کۆن و نوێ سەربازی ئەنفالچی و تۆپ و قومبەلەیان لێ خستبوو، بە درێژایی هێڵی هەڵەبجە سلێمانی بە هەمان شێوە، هێڵەکانی سلێمانی ـ ئەزمڕ، قەڵاچوالان، سوورەقەڵات، کارێزە، کەلار، سلێمانی، قادرکەرەم، کەرکووک ـ خانەقین، کەرکووک ـ هەولێر، بادینان، سەرجەم هێڵ و ڕێیەکانی تری باشووری کوردستانیان هەموو بە سەرباز و چەکی جەنگی تەنیبوو. پرۆسەی ئەنفالی ١٩٨٨ لە ڕووی جوگرافیاییەوە نەخشەی بە حەوت قۆناغ دەستنیشان و بەرنامەڕێژ کرابوو.
یەکەم قۆناغی ئەنفال لە سەرەکاتژمێری نیوەشەوی ٢/٢٢/١٩٨٨دا لە قەڵای سووسێ و سەربازگای پیرەمەگروونەوە، لە یەک سانییەدا، بە خوێندنەوەی سورەتی هەشتەم، زەنگی ئەنفال بۆ سەر نێوچەکانی دۆڵی جافەتی، دۆڵەڕووت، بەری مەرگە، لێدرا! لەو شەوەدا کۆمەڵێک سەربازی ئەنفالچی کە لەسەر ڕاجیمە و تۆپەکان کاریان دەکرد، بە گازی کیمیایی سووتان، بە هۆی ئەوەی لوولەی ڕاجیمەکان ڕیزی بەشی خوارەوەیان لە یەکەم هەڵمەتی تەقاندندا، بەر چیاوی پیرەمەگروون کەوت، کیمایییەکە گەڕایەوە بۆ نێو سەربازگاکە، کۆمەڵێک ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخی گوندی سووسێشیان سووتاند و مردار کردەوە.
هاوکات لە هەمان شەوەدا، ئەم سەربازگایانەش بە تۆپە قورسەکان و ڕاجیمە و هێزی سەربازی لە گەمارۆدانی یەکەم قۆناغی ئەنفالدا بەشدار بوون. سەربازگای ماوەت، سوورەقەڵات، کارێز، قەڵاچوالان، سارداو، سەلام، حەسەن تەپە، سورداش و کانیی خان، دوکان و بنگرد، خەلەکان، قەمتەران، گرجان، چوارقوڕنە، سەربازگای ڕانییە و قەڵادزێ.
لە نێوچەی دۆڵەڕووت و جافەتی و بەری مەرگە، بە سەدان گوند خاپوور کران و لەگەڵ زەویدا تەخت کران. بە سەدان مرۆڤی پیر و گەنج و منداڵ بە گازی کیمیایی کوژران، بە دەیان مرۆڤی هەڵاتوو لەبەر شاڵاوی ئەنفال لە بەفردا ڕەق هەڵاتن، بە سەدان ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵی و کێوی بە گازی کیمیایی مردار کرانەوە.
قۆناغی دووەمی ئەنفال لە دووزخورماتووەوە، ڕێک لە هێڵە قیرەکەوە، بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە و نێوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجە، بەرەو باکووری هێڵەکە تا قووڵایی نێوچەکانی گەرمیان و خانەقین. بەڵام ڕژێمی بەعسییەکان لەبەر بەرفراوانیی نێوچەکان و بەرگریکردنی پێشمەرگە، ئەم قۆناغەیان وەک خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. کە

لە قــۆناغی دووەمــدا هــەمــوو تەفــروتوونا و ئەنفــاڵ بکەن، بەڵام بۆیان نەکـرا. بۆیە ئەم قۆناغە بە دوو قۆناغ ئەنجام درا.
کە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە ئاسمانەوە بە فڕۆکەی جەنگی و لە زەویشەوە بە تۆپەقورسەکان، قۆناغی دووەمی ئەنفال بۆ سەر شارۆچکەی هەڵەبجە دەستی پێکرد. بە هەزاران مرۆڤی دانیشتووی ناوچەی هەڵەبجە بە تۆفانی مووشەک جینۆساید کران. ٥ هەزار مرۆڤ ژیانیان لە دەست دا، بە سەدان مرۆڤیش بە سووتاوی و برینداری کەمئەندام بوون. بە



هەزاران سەرئاژەڵ و پەلەوەری دانیشتووی نێوچەی هەڵەبجە بە گازی کیمیایی سووتان و مردار کرانەوە.
قۆناغی سێیەمی ئەنفال، ١٩٨٨/٤/٧، لە نێوچەی دووزخورماتووەوە بۆ قووڵایی نێوچەکانی گەرمیان تا سنووری نێوچەی هەڵەبجە. بە هێزی سەربازی و جاش و فڕۆکەی جەنگی هێرش و پەلاماری ئەنفال درێژەی هەبوو کە زۆرترین مرۆڤی کورد تێیدا ئەنفال و بێسەروشوێن کران، ئەنفالچییەکان زۆرترین تاڵانی لە دوابەجێماوی ئەنفالکراوەکانیان لەو قۆناغەدا دەست کەوت.
قۆناغی چوارەمی ئەنفال، لە ڕووی جوگرافییایەوە بە پێچەوانەی قۆناغی ئەنفالی سێیەمەوە، لە شاری کەرکووکەوە، لە هێڵە قیرەکەوە، بۆ سێڕێیانی تاسڵوجە تا سەیرانگای قەشقۆڵی. لە هێڵی کەرکووک، هەولێرەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوچەکە، بە درێژایی ئاوەڕۆی بەنداوی دوکان، کۆتایی قۆناغی چوارەمی ئەنفال بوو.
سەر لە ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ هەشت فڕۆکەی جەنگی گوندی عەسکەر و گۆپتەپەی کیمیابیباران کرد، کە ئەو دوو گوندە پێگە و پەنای پێشمەرگە و خەڵکی نێوچەکە بوون و زێتر لە ٣٥٠ مرۆڤی پیر و لاو و منداڵ بە گازی کیمیایی لەگەڵ گوندەکەیاندا تەخت و خاپوور کران.

بۆ ڕۆژی دواتر هێرش و پەلاماری قۆناغی چوارەم، ١٩٨٨/٥/٤ بە پاڵپشتی لیوای کۆماری و هێزی سەربازی و جاش و دەبابە و زرێپۆش، هێرشیان بۆ سەر تەواوی نێوچەکانی دەستنیشانکراو هێنا. ئەنفالچییەکان لەم قۆناغەدا لە ماوەی چەند کاتێکدا دەستیان بەسەر تەواوی نێوچەکەدا گرت. تەنیا لە گوندی گەورەدێ ئەنفالچییەکان ڕووبەڕووی بەرگرییەکی بێوێنە بوونەوە، زێتر لە چل حەرەسکۆمار لەوێ کوژران، هێرشەکە بە سەرپەرشتیی جەنەڕاڵ هاشم ئەنجام درا. لەبەر ئەوەی



بەرگریکردنی پێشمەرگە بەهێز بوو جەنەڕاڵ هاشم داوای لە بنکە سەربازی و سیخوڕە پەیوەندیدارەکانی شاری سلێمانی کردبوو کە ٧٠٠ چەکداری بۆ پشتیوانیکردن بۆ مەیدانی شەڕی گوندی گەورەدێ و چەمی ڕێزان بۆ ڕەوانە بکەن. لەو بەرگریکردنەدا، زێتر لە حەفتا پێشمەرگەی قارەمان لە سەنگەری بەرگریدا، لە بەرانبەر شاڵاوی ئەنفالی چوارەمدا، بەرگرییان کرد. بۆ نموونە: کەریم باخی، عەبدوڵا بەکرەجۆیی، سەرکەوت عەبدوڵا، نورەدین خانەقینی، مامۆستا کامەران، فەقێ هوشیار، نوری فەرەج ڕەحیم، سیروان، حاجی عومەر، نەبەز سەموون، جەزا غەفوور، عەبدولخالق کەرکووکی، هەژار، خەسرەو قەرەوەیسی، عەلی سەعید، فەرەیدون حەسەن، جەمال حسێن، سەربەست سەعید، حەمەشکور سەعید، نەبەز گەبەیی، عاسی گەرگەڕی، حاجی نوری، کاروان، ڕزگار قەرەچەتانی، سەردار نەریمان، عوسمان ناسراو بە مام شێر، ئاوات پۆلیس، عەلی ئەحمەد و بەندەی نووسەری ئەم وتارە و گەلێکی تر. لەو بەرگری و تێکهەڵچوونەدا برایەکی ئاسۆی دەلاک، جەبار ئەحمەد کاکەمەم، ئەنوەر قۆجەبلاخی، و چەند پێشمەرگەیەکی تر بە دیل کەوتنە بەر دەستی ئەنفالچییەکان. هەروەها دوکتۆر ئاسۆ، عومەر شیلاخانی، کامەران بازیان شەهید بوون، چەند

پێشمەرگەیەکیش بە برینداری دەرباز بوون.
قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال، لە ١٩٨٨/٥/١٥ەوە، لە هەولێر و شەقڵاوە و شارۆچکەی پردێوە، بە درێژایی ئاوەڕۆی بەنداوی دوکان، هەتا سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بندەستی ڕژێمی ئێران و باکووری کوردستانی بندەستی ڕژێمی تورکیا، درێژەی هەبوو. ئەم سێ قۆناغە بەشێک لە ناوچەکانی بادینانی گرتەوە، هەروەک ناوچەکانی دیکە بەر شاڵاوی ئەنفال و تۆقاندن و تاڵا و بڕۆ و کۆمەڵکوژران کەوتن.

لەڕاستیدا قۆناغێکی ئەنفال نییە بە نێوی قۆناغی هەشتەمەوە، کە سوپای بەعس جێبەجێی کردبێت، چونکە ئەو جاشانەی ناوچەکە خۆیان بۆ پاراستنی هۆز و تیرەکانی خۆیان، بەڵێنیان بە ڕژێمی سەددام دابوو کە بۆ خۆیان ناوچەکە ئەنفال و تاڵان بکەن.
سەرژمێریی قوربانییانی ئەنفال بە پێشمەرگە و هاووڵاتەوە، زێتر لە ٢٠٠ هەزار ئەنفالکراومان هەیە. ٤٦٠٠ گوندمان بە شۆڤڵ و فڕۆکە لەگەڵ زەویدا تەخت کران. بە مەزەندەی من نزیکەی دوو ملیۆن سەر ئاژەڵی ماڵی و کێوییمان بەر سووتان و تاڵانیی ئەنفال کەوتووە. زێتر لە دوو ملیۆن پەلەوەری ماڵی و کێوییمان بەر گازی کیمیایی و تاڵان کەوتووە. بە هەزاران تراکتۆر و ئۆتۆمۆبیلی لەدوابەجێماوی هاوولاتانی ئەنفالکراوەکان، بە تاڵان ڕاگوێزی خوارووی عیراق کران.
ئەم وتارە: لە یادی ساڵرۆژی کارەساتی ئەنفالدا، ڕوونکردنەوەیەکی کورتی جوگرافیایی و مێژوویی ئەنفالە، تایبەت بە گۆڤارە ڕەنگینەکەی مەڵبەندی ڕۆشبیرییە لە بریتانیا.

لەندەن
شەوی ٢٠٠٦/٢/٦

# چەند ساتێکی کورت لەنێوان ژیان و مردندا
# لە بیرەوەرییەکی کورتدا کاتی ڕاپەڕین





**تاهیر سالەیی**

مێژوو زۆر ڕووداوی دڵتەزێن و کۆمەڵکوژیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەسەر دەستی پاشا و ئیمپراتۆر و دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکان ئەنجام دراون.
میللەتی کوردیش بۆ ئازادی و دیموکراسی و سەرفرازی لە خەباتی نەپساوەی خۆیدا بەردەوام بووە.
لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، کاتێ کە شاری کەرکووک ڕزگار کرا، زۆر پەرۆشی ئەوە بووم بگەمە ڕێگای بەغداد و ناوچەی حی ئەلواست، بۆ پرسیارکردنی ساغ و سەلامەتیی چەند لە ماڵە خزمان و برادەرێک لەناویاندا ماڵی برایەکم بوو.
لە ڕێگا بووین بەرەو ئەوێ بینیمان کوردی دانیشتووی ئەو گەڕەکانەی ڕێگای بەغدا بەرەو ناوچە کوردییەکانی تر دەچوون بۆ یارمەتی و پرسیارکردنی کەسوکاریان و هاوکاریکردنی پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیو. کاتێک نزیکیان بووینەوە، زانییان ئێمە کوردین و کەرکووک بەرەو ڕزگاربوون دەچێت، دەستیان بە زەماوەند و هەلهەلەلێدان کرد. خۆشییەکی وایان دەربڕی، بێهاوتا بوو. یەک لەوانە کاکم بوو کە چەند ساڵێک بوو نەمبینیبوو.
بەڵام بەداخەوە هەر ئەو چەند ساتە کاکم بینی و ئیتر من ڕۆیشتم بەرەو ناوچەکانی معەسکەر خالید و ڕێگای تکریت و دواییش بۆ دەوروبەری دبس.
دوای نزیکەی حەوت ڕۆژ کاتێک کە ڕێژیمی خوێنمژ بە "قەتلوعام" هاتەوە بۆ کەرکووک بە سەرپەرشتیی تاوانبار عزەت ئەلدووری لە کەلی سێکانییانەوە قوەتێکی زۆر هات و جادەی کەرکووک هەولێری گرت. لەوێ کاکم و کوڕێکی و چەند سەد خێزانێکی تر دەستگیر کران.
لەوێدا، هەرچی گەنجە جیایان دەکەنەوە لە پیر و ژن و منداڵ، لە کاتی جیاکردنەوەیان کاکم بە کوڕەکەی دەڵێت: "کوڕم تۆ زەحمەتە ڕزگارت بێت لەم گێژاوە، چونکە بە جیاکردنەوەی گەنجەکان نیازیان خراپە و مەبەستی جیاکردنەوەی گەنجەکان زۆر ترسناکە، خوا بتانپارێزێت." ئاخر ماڵئاوایی دەکەن.
کاتێ گەنجەکان بۆ دوو ئیڤا سەر دەخەن و دەیانبەن بۆ چوارڕێیانی دارەمان، لەوێ ڕیزیان دەکەن، تەنیا شەش کەسیان نەبێت، ئەوانی تر هەموویان گوللەباران دەکەن، لەناو ئەو شەش کەسەدا ئەو برازایەم دەبێت کە وا بە فێڵی ئەوەی دەڵێت: "من تورکمانم و قوتابیم!" ڕزگاری دەبێت.
سەیر لەوەدایە کاکم ماڵئاوایی لە کوڕەکەی کرد و پێی وابوو خۆی لەبەر تەمەنی و جیاکردنەوەی لە گەنجەکان ئازاد دەکرێت، بەڵام نەیزانی خۆی ئەنفال دەکرێت و کوڕەکەی ڕزگاری دەبێت.

**با یادی هەڵەبجە و ئەنفال بەرز ڕابگرین!**

**مەڵبەند**